سەکۆی هزر
گۆڤاری ئەلیکترۆنی

# 1

سالّی یەکەم بەهاری -٢٠٢١

# سەکۆی هزر

## گۆڤارێکی ڕۆشنبیری هزریە

ئەم بلاّوکراوەیە لەلایەن کۆمەڵێک گەنجی ڕوونبیری خۆبەخش سازکراوە کە هەموو مانگی جارێک بە شێوەی (pdf) ژمارەیەک دەخاتە بەر بینایی خوێنەرانی.

سەکۆی هزر
گۆڤاری ئەلیکترۆنی

**خاوەن ئیمتیاز :**
دێرین کەمال چاوشین

**سەرنووسەر :**
ئەحمەد زرار

**بەڕێوەبەری نووسین :**
ئەحمەد ستار

**بەشی هونەری و دیزاین:**
سەرخێڵ عومەر
موئمین قدوس

**نووسەرانی ئەم ژمارەیە:**
دێرین کەمال چاوشین
ئەحمەد زرار
ئەحمەد ستار
موحەممەد مەجید
موحەممەد عەلی خدر
موحەممەد فەرحان
نەجیب سەلمان
حسام الدین شێخ
ڕزگار جەباری
هاودەنگ بێبەشی
کاروان حەسەن
هیوا پشتیوان
لەمیا فاریق
عومەر عادل
یاران

گۆڤاری ئەلیکترۆنی سەکۆی هزر
دەتوانن لە ڕێی ئەم ئیمێڵەوە بابەتەکانتان ئاراستەی گۆڤارەکەمان بکەن
sakoyhzr@gmail.com

# پێڕست

## پێرست


### سەروتار/

### گەشەپێدان/
زانست و ئامانج / موحەممەد مەجید
ئایا سەرچاوەی گشت خۆشیەکان ماددە (پارە)یە / ئەحمەد ستار
جاهیلی کۆمەڵگا / دێرین کەمال چاوشین
پەروەردە سیستمێکی چالاکە بۆ بەرهەمهێنانی تاکێکی چالاک / نەجیب سەلمان
کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر منداڵ / موحەممەد فەرحان

### ئەدەب-شیعر/
خۆ وتت / یاران
ناچمەوە سەر هیچ / حسام الدین شێخ
پەنای باهور / ئەحمەد زرار
جاران لەلای تۆ / موحەممەد عەلی خدر

### ئەدەب-لێکۆڵینەوە/
پێشەنگبوونی حەکیم خانای قوبادی / ڕزگار جەباری
کورتەیەک لەبارەی زمانی شیعریی / هاودەنگ بێبەشی
خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (بارانی مەرگ) / کاروان حەسەن

### ئەدەب-گێڕانەوە/
کۆتا زەنگی تەلەفۆن / هیوا پشتیوان
دیمەنێک لە فیلمی ژیان / لەمیا فاریق
خەڵوەتگەی سەگانی برسی / عومەر عادل

# سەروتار




## سەروتار/

کاتێ زەردەی ئێوارە، وێزەی چیایەک لە نێوانی دەستەکانی دەشارێتەوە؛ ئەوەی ڕێنمای شەوگەڕانە، تریفەی مانگە، دەنگی زولاڵی کانیە، هاژەی گەڵای درەخت و، لرخە و مرەی بەفڕ و بەستەزمانان و، گژەی پەستی زلانی سەربەکڵاوەیە.تاوێری ڕێبڕین، هەڵزنینی هەودایەکی پەتەوی وای دەوێ، سەد بارتەقای هاتنە خوارێ پتەوتر بێ. چۆن تاریکی ڕێ لە دەرکەوتنی لێڵایی خۆر دەگرێ، ئاواش زانین و تێگەیشتنی زۆرینەی گەل، هەرزەگۆیی کاڵفامان بنەبڕ دەکا. با ئیتر بزانرێ پێویستە شەوبۆی چاوان، بە ئاوی کامە زنە تێراو بکەین؟ با بزانرێ هەتاو لەدوای کامە هەوری ڕەشدا هەڵترووشکاوە و بێوچان لە تیشکدان و شەونخونی بەردەوامی بەردەوامە؛ کە (هێمن) باروبنە و دەوارە شڕەکەی بۆ سەرینی ئەولا لەبن دەستانی نا، هەژار لە دیدارێ گوتی: (تازە هێمن ڕۆیی و، بە پێی پێویست قەدری نەگیرا، با هەر یەکەمان بەهانەیەک بۆ خۆمان ڕیزکەین، تا بە ڕۆینی هێمن هەست بە گوناح نەکەین.) ئاسمانی ئەدەبی کورد لێوانلێوی ستێری چریسکەدارە، بۆیە بۆ ژمارەکانی تری سەکۆی هزر هەر جارە و دیداری یەکێ لەم ستێرانە، بینایتان ڕوناک دەکەنەوە. چ ڕۆژێ بەفری سەرکەژانی کوردستان بە گزنگی خەواڵووی دەمەوبەیانی توایەوە، ئەودەمیش چرای زمانی کوردی خامۆش دەبێ.

وێزە: گیان، جەستە
زلان: ڕەشەبا
هەودا: پەت
زنە: کانی زۆر بچووک
ستێر: ئەستێرە.

سەرنووسەر

# گەشەپێدان




# زانست و ئامانج

هەمووان ئەوە دەزانن کەوا زانست بوونی هەیە، وە تێگەیشتنی زانست بۆتە بناغەی گەیشتن بە ئامانج؛ نەوەکو لەبەرکردنی زانست لە بەرگێکی پڕ لە نەزانی. هەندێک کات ڕێگای ئامانجت و هەوڵدانت بۆی، وا دەکات بێزار بیت لێی و نەتوانی بگەی بە خەونەکانت. بۆیە دەبێت ڕێگایەکی تازە و سەردەمیانە بەکار بهێنیت بۆ  نوێکردنەوەی خۆت، زانست یەکێکە لەم ڕێگایانە کەوا دەبێت بگیرێتە بەر بۆ ئەم مەبەستە، پەیوەندی بە ئەقڵەوە بکە بزانە زانستی دەوێت بێگومان بە لەوەی کەوا (خالق) ئەقڵی وا دروست کردووە پێویستی بە زانست بێ. ئەوە تاکەکانن یان ناخی تاکەکانە کەوا زانستی ناوێت، نەوەکو ئەقڵی تاکەکان بۆیە پەیوەندی بە ناخ و دڵ مەکە، لەم بارەدا چونکە ئەوان شوێنی هەست و سۆزن. کەوایە بڕیاری یەکلاکەرەوە نادەن بەڵکو بڕیارێک دەدەن دوودڵی و ڕاڕایی لە خۆ بگرێ، زانستت خۆش بوێت و دوای بکەوە، دەتگەیەنێت بە شوێنێک هیچ نەبێت دەتکات بەوەی ئاگاداری دونیای سەردەم بیت و ئاگاداری نوێخوازی دونیا بیت.

بە ئاگاداربوونت لەمانە دەتوانیت دونیایەکی باشتر بۆخۆت هەڵبژێری، هەمیشە وەکو ئەندازیارێک مێشکت کارپێبکە هەوڵبدە لە خەیاڵ، واقیع دروست بکەی. بەم جۆرە نەخشە ڕێگایەکەت باشتر جێبەجێ دەکەیت و، توانستی زانستی خۆت نوێ دەکەیتەوە ئایە تۆ توانستی زانستی بەرەوپێش دەبەیت یان بە دوای ناخ دەکەوی؟ ئایە ناخ ئەوەیە کەوا بتوانێ بتگەیەنێ بە ئەنجامی ئامانجەکەت؟وەڵامی ئێوە مەبدەئی ئێوەیە بۆ ژیان!! پەیوەندی ئەقڵ و زانست وەکو پەیوەندی ماسی و ئاوە؛ ناتوانن بێیەکدی ئۆقرە بگرن، ئەگەر هەر کەسێک دەڵێت وانییە ئەوا وەڵام دانەوەی ئاسانە؛ باشە ئەم هەموو پێشکەوتنە لەم سەردەمە هەر شتێکی خۆڕسک بووە یاخود مرۆڤایەتی بە دوای زانست کەوتووە و بەدەستی هێناوە، لە هەموو سەردەمەکاندا مرۆڤ بە زانست ڕزگاری بووە لە جاهیلی، تەنانەت ڕزگاربوونی جاهیلەکانی نیمچەدورگەی عەرەبی لەسەردەمی جاهیلیدا هەر بە زانست بووە، بەڵام زانستی نێردراو بۆ ئەوان ئیسلام بوو بۆیە بۆ قوتاربوون لە دواکەوتووی و گەڕانەوە بۆ دواوە دەبێت ئەم زانستەی ئێستە بەردەستە بەکاری بهێنین بۆ ڕێگای ئامانجەکەمان.هەمیشە سەرنجی ئەوە دەدرێت زانست بەوپەڕی پێشکەوتنەوە بوونی هەیە، ئەی باشە بۆ پێشناکەوین؟  تەنها دەبێت کەمێک هێزی کێشکردنی مێشکی تاک زیاتر بکەین، بۆ ئەوەی دووبارە تەواوکەرەکەی بدۆزێتەوە کە ئەویش زانستە بەڵێ زانست.  لەم سەردەمەدا زانستی تەکنەلۆژیا گەیشتۆتە ترۆپکی ئاستی گەشەسەندن. گەر مرۆڤایەتی بەم جۆرەی ئێستا بەردەوام بێت و دڵنیاش بە بەردەوام دەبێت، ئەوا ئەم زانستە دەبێتە بناغە بۆ سەرجەم زانستەکانی تر. هەر مرۆڤەو حەز و خولیای بۆ زانستێک هەیە، بەڵام گرینگییەکە ئەوەیە:

ئایە بەکاری دەهێنێت بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکەی؟! هەتاوەکو ژیان بەردەوام بێت ئەوا پێشکەوتن بەردەوام دەبێت، کەوایە ناکرێت تاک تەنها لە هەمان خاڵ و بازنەدا بێت. بۆیە زانست دەرچەیەکە یاخود دەروازەیەکە بۆ ئەوەی لە هەمان بازنە نەمێنیتەوە. بەڵام لە هەموو بارەکاندا دەبێت بەپێی توانا و لێهاتوویی خۆت و شارەزایت لە بواری زانستەکە هەڵسوکەوت بکەیت. لەم بابەتەدا هەڵە بیرکردنەوەش هەیە: تاکەکان وا بیر دەکەنەوە هەموویان لەیەک ئاستی زانستی هزریی دان، بەڵام وا نییە چونکە هەر دروستکراوە و جۆرێک زیرەکی تایبەتی خۆی هەیە. ئەگەر وردتری بکەینەوە تەنانەت زیرەکییەکەی لە زانستێکی تایبەتیش هەیە. گۆڕانکارییەکان خێرا ڕوودەدەن ئەوەی فریای وەچەی سەردەم و زانستی سەردەم نەکەوێت و شان بە شانیان و ئاگاداریان نەبێت؛ ئەوا لە ئامانجی سەرەکی ژیانیشی دوادەکەوێت.

موحەممەد مەجید



# ئایا سەرچاوەی گشت خۆشیەکان ماددە (پارە)یە

لە سەرەتای باسەکە و قسەکانمدا دەمەوێ چەند دیدێک سەبارەت بە پارە و، سامان بخەمە ڕوو. بێگوومان سامان و پارە سەرچاوەیەکی زۆر گڕنگن بۆ خۆشبەختی و بەڕێکردنی ژیان وە هەموو مرۆڤێک لە ژیاندا هەوڵ بۆ سەندنیان دەدات هەر خۆی سرووشتی ژیان وایە مرۆڤ کار دەکات و لەبەرامبەر دا پارە بەدەست دێنێت ئامانجی لەو هەوڵ و کۆششەش کە تەرخانی دەکا بۆ پارە پەیا کردن لە شتێک سەرچاوەی گرتووە ئەویش پێداویستیە زۆر و زەوەندەکانی مرۆڤە بۆ ژیان کردن بۆیە هەوڵ دەدات لە ڕێی کار کردن، پارە و سامان بەدەست بێنێتو ژیان بکات وەکوو هەر تاکێکی ئاسایی ژیان بباتە سەر، ئالێرە باسی گرینگی سامان و پارەمان کرد لەگەڵ سرووشتی ژیانی مرۆڤ لەو ڕوەوە بەلاّم ئایا پارە و سامان هەموو شتێکە؟ ئایا پارە و سامان توانای دابین کردنی هەموو شتێکی هەیە؟ لەوانەیە زۆربەتان وەلاّمتان بەڵێ بێ بۆ ئەو پرسیارانەم بۆیە من پیش ئەوەی، باسێکی ئەو بابەتە بکەم و وەلاّمی ئەو پرسیارانە بە تێڕوانینی خۆم بخەمە ڕوو دەزانم تووشی چەند وەلاّمێک دەبمەوە، ئەوانیش ئەوەی: بەڵێ پارە هەموو شتێکە یان پارە هەموو شتێکم بۆ دابین دەکا ، ئەو وەلاّمانەو زۆرانی تریش ڕوو بە ڕووم دەبنەوە بەلاّم پێویستە ئالێرەدا باسی دیدی خۆم بکەم مرۆڤ پێویستە ئەوەندەی بیر و هۆشی لەسەر سامان و پارەیە بیر و هۆشی لەسەر بەها جوانەکان بێت بە هەموو بەهایەکانەوە پێویستە مرۆڤ بە دوای سامانێک دا وێڵ بێ و لە هەوڵ دابێ بۆ پەیا کردنی کە دڵ و مێشک و هزری دەوڵەمەند بکەن هەردەم بە دوای شتی نوێدا بگەڕێت و بیری لەسەر شتە لا بە لاکان لابدات من لەگەڵ ئەوەدام ماددە سەرچاوەیەکی گرینگە بۆ خۆ ڕۆشنبیر کردن چونکە گەر مرۆڤ توانای ماددی باش بێت ئەوا دەتوانێت لەڕێگەی ئەو ماددەیە هەوڵ بۆ زانست بدا هەوڵ بۆ وێژە بدا پەرە بەخۆی بدا و خوێندنی جۆراوجۆر بکا و بڕوانامەگەلێک بەدەست بێنی خۆ لەم خاوەن ماددەیە یە باشتر

چنگ ناکەوێت بەڵام لە سەردەمی ئەمڕۆدا سەرمایە و پارە و سامان بۆ شتی لا بە لا تەرخان دەکرێ بۆ شتانێک کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای پەرەسەندنی مرۆڤ و بەو کارانەی کە سەرمایە پێی شاد دەکا و لە ڕێگای سەرمایە ئەنجامی دەدا خودی ناوەکەی و سرووشتەکەی کە مرۆڤە واتای خۆی لەدەست دەدا، وە گەر بێینە سەر ئەوەش کە سامان و ماددە هەموو شتێک نیە دەتوانم بەچەند پرسیارێک بروات پێبێنم کە مرۆڤ لە سەرووی هەموو ماددە و سەرمایەیەکە پرسیارەکانی من ئەوەیە ئایا ئامادەی ئەندامێکی جەستەت بدەیتە من بەرامبەر سامانێک کە تۆ دەتەوێ ؟ با لێرەدا تەنها نموونە بە جەستە و ئەندامەکان نەهێنینەوە ئەی ئازادیەکەت، ئامادەی ئازادیەکەت بدەی بەمن و ببیتە کۆیلە بەرامبەر ئەو سەرمایەی کە داوای دەکەی ؟ بۆیە خوێنەرانی بەڕێز ئالێرەدا گەر باسی نموونە بکەم زۆرانی تر هەن ئێمە خاوەنی زۆر شتین کە درکی پێناکەین یان پێی نازانین ئەویش هۆکاری ئەوەیە هەردەم سەیری سەروو خۆمان دەکەین، هەردەم داوای زۆر و زۆرتر دەکەین، کەچی هەوڵیشی بۆ نادەین ئالێرەیە کێشەکە هیوا و ئاواتەکان بەهەوڵدان و باوەڕ بەخۆبوون دێنە دی، من دەڵێم دەبێ لە هەوڵی بەدەست هێنانی سامان دابین و کاری بۆ بکەین مرۆڤ بە کار و هەوڵدان واتای مرۆڤی یەکەی تەواو دەکا بەڵام پێویستیشە ئەو بروایە مان هەبێ کە ماددە هەموو شتێک نیە و زۆر شتیشە، وە پێویستە هەوڵەکان مان بۆ بەدەست هێنانی زانست بێ لە ڕێگەی ماددە وە، وتارەکەم بە وتەیەکی خوالێخۆشبێ دکتۆر موستەفا مەحمود کۆتایی پێدێنم ئەویش دەڵێ:

زانستی ماددەگەراییماڵەکانمان ڕۆشن دەکەنەوە، بەڵام دڵەکانمان ڕۆشن ناکەن

ئەحمەد ستار



# جاهیلی کۆمەڵگا

بەپێی خوێندنەوەم بۆ مێژووی خوێندنەوە لە ڕابردوو، وە پشتئەستور بەو واقیعەی کە چاوم دەیبینێ ئێستا، پێم وایە لە کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و ئەو ناوچەیەی لێی دەژیم بە تایبەتی، کتێب و کۆمەڵگە ئاشنا نین، بە ڕێژەیەکی زۆر بەهۆی جاهیلی کۆمەڵگاکەمان و بە ڕێژەیەکی کەم لەبەر ترس و گۆشەگیری خودی خوێنەر خۆی. واتە ئەوەی هۆکارە بۆ ئاوێتەنەبوونی کتێب بە کۆمەڵگە بریتیە لە شەرم و، ترس و، گۆشەگیری تاکی خوێنەر و جاهیلی کۆمەڵگا، بە جۆرێک ئەگەر هۆکاری یەکەم لەناوببەین، هۆکاری دووەم خۆی لەناو دەچێ.بە درێژایی مێژووی ناوچەکە بارودۆخە سیاسی و ئاینییەکان زۆرترین کاریگەریان هەبووە لەسەر کز و کپکردنەوەی مەعریفە و ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکەمان.لە سەردەمی ئێستا کە کۆمەڵگاکەمان زۆر دارماوە و تەنها قسەی زبر و بێسوود باوە هەمیشە شەرم یان ترسێک هەیە لە دڵی زۆربەی کەسانی کتێبدۆست و خوێنەر، نزمی ئاستی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگا هەمیشە وایکردووە خوێنەران وابزانن کە خوێندنەوەی کتێب کارێکی زۆر نامۆ و نەنگە بۆیان. بە بڕوای من پێش ئەوەی هەر کارێک بکەین با ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا بە ئەنجامدانی ئەو کارە مافی کەس پێشێل دەکەم؟ ئەگەر وەڵامەکەی بەڵێ بوو ئەوا کارەکە ئەنجام مەدە، ئەگەر نەخێریش بوو بازووت لێی بخە ئیش. هەردەم ئەوە بزانە تۆ بە خوێندنەوەی کتێب ئازاری کەس نادەی، بگرە کارێکە وات لێدەکات خزمەت بە خۆت و دەوروبەر بکەیت، بۆ ئەوان بە شانازیەوە باسی کارە خراپ و قێزەونەکانیان بکەن؛ بەڵام تۆ ناوێری باسی بابەتێک بکەی کە سودی بۆ گەورە و بچووک و گەنج و پیر هەیە؟بۆچی شەرم لەوە بکەین کە باسی خوێندنەوە و کتێب بکەین لای هاوڕێ و دۆستانمان؟ بۆچی شەرم لە یەکەم وشەی خوای گەورە بکەین کە ئەمری بە پەیامبەر فەرموو " بخوێنە "؟لە بیرت بێت، ئەو گەلەی ئاستی ڕۆشنبیری بەرزە نە لە دەرەوە نە لە ناوەوە کەس ناتوانێ چەپۆکی لێ بوەشێنێ! بە بڕوای من پێویستە ئەو سنوورە دەستکردە بشکێنین کە لە نێوان کتێب و کۆمەڵگاکەمان هەیە. با کتێب بە خەڵکی و بازاڕ و هەموو کۆڵانەکانی شار ئاشنا بکەین، نەک گۆشەگیر و شەرمن بین و بازنەی قسەکردنمان تەنها چینی خوێنەر و کتێب دۆستان بگرێتەوە. ئەو کات هۆکاری یەکەمیش نامێنێ  کە جاهیلی کۆمەڵگایە.

دێرین کەمال چاوشین



# پەروەردە سیستمێکی چالاکە بۆ بەرهەمهێنانی تاکێکی چالاک

پەروەردە سیستمێکی چالاکە بۆ بەرهەمهێنانی تاکێکی چالاک، کەواتە پەروەردە بریتییە لە فێرکردن و ڕاهێنان و پەرەپێدانی تاک لەڕووی ڕەفتار و گوفتاری (منداڵ، هەرزەکار و گەنج) بۆ گەیشتن بە کامڵبوون و لوتکە و ئاستی زانیاریی بەهێز، بەڵام بۆچی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لەلایەن تاکێک لە وڵاتانی پێشکەوتوو یا زلهێز ڕوودەدات و دنیا بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات و سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، لەناو گەلی کوردستان هەستی پێ ناکەین؟ ئاخۆ تاکی کورد دەتوانێ ئەم گۆڕانکارییە فیکری و پەروەردەییە دروست بکات؟بێگومان بەڵێ، بەڵام ئەم دەستکەوتە گەورەیە دەبێت لە پێشدا لە ماڵ و خێزانەوە دەست پێبکات، چونکە سەرەتای دروستبوونی منداڵ لە خێزانەوەیە، دواتر ڕەوانەی کۆمەڵگە دەکرێت و وەک فرۆید دەڵێ: پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ زۆر گرنگە بۆ پەروەردەکردنێکی تەندروست. پێویستە ئەو پێنج ساڵە پەروەردەیەکی چاک بە منداڵ بدرێت لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆ نموومە: چۆنیەتی سڵاوکردن لەگەڵ گەورە، منداڵ لەو تەمەنە پێویستە هان بدرێ بۆ سوپاسکردنی بەرامبەرەکەی هەرکات پێویست بوو، هاوکات ڕابهێنرێ لەو تەمەنەوە دان بەو هەڵانەدا بنێت کە دەیکات و ئەگەر هەڵەکانی لە سنوور تێپەڕیبوو، ئەوا پێوستە دایک و باوک سزای بدەن تا ئەو کارە نەشیاو و نەخوازراوانە دووبارە نەکاتەوە. ئەمانە چەند نموونەیەکی سەرەکی بوون کە پێویستە دایک و باوک لێی هۆشیار بن.قسەیەکی زۆر دووبارە هەیە لە ناو باوانی منداڵدا لەکاتی گفتوگۆ لەبارەی منداڵەکانیان دەریدەبڕن، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن: (ئێمە پێویستە ژیانێکی باش بۆ منداڵەکانمان دابین بکەین.) ئەی بۆچی بیر لەوە ناکەینەوە منداڵێکی باش بۆ ژیان و کۆمەڵگە دورست بکەین؟ بەداخەوە ئەوە دەڵێم بەڵام لە کوردستان ئێمە منداڵ گەورە دەکەین، بەڵام پەروەردەی ناکەین. ئەو وڵاتانەی لە جەنگی دووەمی جیهانی وێران کرابوون و ئێستە باشترین جۆری پەروەردەیان هەیە وەک ژاپۆن، ئەڵمانیا و ئیسپانیا ..هتد، لە خاڵە هەرە گرنگەکان ئەوەیە گرنگی بە گەشەی مێشکی منداڵ دەدەن. مێشکی منداڵیش بەوە گەشە دەکات فێر بکرێ کتێب بخوێنێتەوە، تا منداڵە بە چیرۆک و گۆڤار ڕابهێنرێت و کە گەورە بوو خوێندنەوە لای، وەک کولتوور بێت.هەڵبەتە سەقامگیری باری سیاسی و دارایی کار دەکاتە سەر خێزان و خۆشگوزەرانی خێزان و کۆمەڵگەش، بەڵام ئەگەر ئەوەش نەبێ، هەم خێزان و هەمیش حکوومەت پێویستە هاندەری هەمەلایەنەی یەک بن بۆ سەقامگیرکردنی کۆمەڵێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو. ئێمە هەمیشە دووپات لەسەر ئەوە دەکەین ئەو کەسەی لە ڕووی ئەکادیمی بڕوانامەی هەبێت و خوێندەواری

هەبێ کەسێکی ڕۆشنبیرە، بەڵام بێگومان ئەم جۆرە تێڕوانینە زۆر هەڵەیە و مەرج نییە هەر خوێندەوارێک ڕۆشنبیر بێ و یا هەر کەسێکی نەخوێندەوار ناڕۆشنبیر بێ، نەخوێندەواری وا هەیە لە یەکێک لە بوارەکانی کۆمەڵدا خزمەت دەکات و بۆ بەرژەوەندی خۆی و گەل و نیشتمانیش بەسوودە، خوێندەواری واشمان هەیە نەک هەر ڕۆشنبیر نییە بەڵکو تاکێکی بێسوودە و بگرە زەرەر و زیانیشی هەیە. ئاستی ڕۆشنبیری زۆر فراوانە و مرۆڤ خۆی تێدا دەبینێتەوە. بێگومان نوێخوازی و گەشەکردنی کۆمەڵگە کارێکی خۆڕسک نییە و هیچ گەل و وەلاتێکمان نەدیووە بەشێوەیەکی سروشتی گەیشتبێتە لووتکە، بەڵکو پێویستی بە هەوڵ و کۆششی زۆر و میکانیزیمی بەرز و پێشکەوتووە، بە شێوەیەکی گشتی دەبێت سیستمێک پێک بێت بۆ خزمەتکردن بە تاک و کۆمەڵ، هەروەها وەک سەرەتا ئاماژەمان پێدا، خێزان بنچینەی پەروەردەیە، لەسەر خێزان و دایک و باوک پێویستە منداڵەکان بە شێوەیەکی زانستی و سەردەمی، پەروەردە بکەن و پەرەیان پێ بدەن، دواتر لە باخچەی ساوایان و قوتابخانە و زانکۆ پەرەی زیاتریان پێ بدرێ. لێرەدا حکوومەت کە بەڕێوەبەری گەل و نەتەوەیە، ئەرکە لەسەری ئەم لایەنە گرنگی پێ بدات و شێواز و سیستمێکی زاستی بەکاربێنێت بۆ پەروەردەکردنی تاک. هەندێ جار لەناو کۆمەڵگەی دواکەوتوو تاک خۆی هەڵساوە بە خۆپەروەردەکردن و زۆرینەی جاریش سەرکەوتوو بووە. واتا تاک هەمیشە هەوڵی ئەوە بدات بەدوای زانیاریدا بگەڕێت و ڕۆڵی کتێب و کتێبخانە گرنگ، بنرخێنی. تا بتوانێ لە قەیرانی هزری ڕزگار بێت و شۆڕشی فیکری و مەعریفی لە خۆیدا بکات و هیچ باڕودۆخێک پاساوی کەمتەرخەمی لا دروست نەکات، چونکە، چۆن سک پێوستی بەخواردنە بۆ گەشەکردنی لەش، مێشکیش پێویستی بە خوێندنەوە و زانیارییە، تا گەشە بکات.

نەجیب سەلمان



# کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر منداڵ

لەسەردەمی ئێستاماندا تەکنەلۆژیا شۆڕشێکی مەزنی بەرپاکردووە بە جۆرێک خۆی خزاندۆتە نێو گشت سێکتەرەکانی ژیان، وە پشت تێکردن و خۆدوورەپەرێزگرتن لێی؛ دەکرێت بڵێین کارێکی نیمچە مەحاڵە. توێژی منداڵیش بێبەش نین لەم نیعمەتە دوو سەرەیە، بە چەشنێک ناتوانین منداڵێک وەدی بکەین مۆبایلی زیرەک یان ئایپاد یان کۆمپیوتەری بەکارنەهێنابێ، لەبەرئەوە تەکنەلۆژیا بۆتە بەشێکی لێکنەبووەوەی ژیانی ڕۆژانەمان بە گشتی و ژیانی منداڵ بەتایبەتی، ئەمەش کۆمەڵێک پرس و بابەتی بەدوای خۆیدا هێناوە و توێژەرەوانی هانداوە بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی سوود و زیانەکانی تەکنەلۆژیا لەسەر ژیان و گەشەی منداڵ و ڕۆڵی خێزان لە دوورخستنەوەی مەترسیەکانی تەکنەلۆژیا بۆ سەر منداڵ و کردنی بە ئامرازێکی یارمەتیدەر بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵ. وەک لە خوارەوە ئاماژە بە هێندێکیان دەدەین:لایەنی ئەرێنی تەکنەلۆژیا بۆ سەر منداڵ لە بواری فێرکردن: تەکنەلۆژیا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە فێرکردن و پەرەپێدانی زیرەکی منداڵ، بۆ نموونە لە ڕێگەی ئامێرە هاوچەرخ و پێشکەتووەکانی وەک (ئایپاد و مۆبایلە زیرەکەکان) بۆ منداڵان، دەتوانرێ ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن لە فێرکردنی منداڵ لەڕێگەی هێندێک لەو ئەپڵیکەیشنە سوودبەخشانەی کە لەنێویاندا

هەن بۆ وێنە: (ئەپلیکەیشنی خوێندنەوەی کتێبی ئەلیکترۆنی) کە هەلێک بە منداڵ دەبەخشێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسان کتێب بخوێنێتەوە لە هەر کات و شوێنێک بیەوێت، وە فێری قسەکردن بێت بەشیوەیەکی تەندرووست. تەنانەت دەتوانرێ بگوترێ لە ڕێگەی هێندێک لە ئەپلیکەیشنەکانەوە دەگونجێ منداڵ فێری زمانێکی نوێ بێت. بەڵام وەک توێژینەوەکان باسی دەکەن، منداڵ لە تەمەنی خوار دوو ساڵی؛ زیاتر سوودمەند دەبێ لە مامەڵەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مرۆڤەکان نەوەک تەکنەلۆژیا!گەشەپێدانی کارامەییە کۆمەڵایەتیەکانی منداڵ: لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و ئامێرە هاوچەرخەکانەوە منداڵ هێندێک کارامەیی گرنگ وەدەستدێنێ بۆ گەشەدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، بۆیە کاتێک منداڵ بەشێوەیەکی درووست ئامێرە زیرەکەکانی بەکاردێنێ، دەتوانێت لە ڕێگەی هێندێ لە ئەپلیکەیشنەکانی نێویەوە(وەک سکایپ) پەیوەندی بکات لەگەڵ هاوڕێ و خزمانی، ئەمەش کەم تا زۆر سوودبەخش دەبێ لە بەرەوپێشبردنی کارامەییە کۆمەڵایەتیەکانی منداڵ.بەدەستهێنانی ئامانجەکان: زۆرێک لە یاریەکانی نێو کۆمپیوتەر و مۆبایلە زیرەکەکان پشکیان هەیە لە فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵ لەسەر گرنگی و پێویستی بەپایان گەیاندنی ئامانجەکان و بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان

لەڕێگەی هەڵسان بە بەکۆتایی پێهێنانی ئاسْت(لیڤڵ)ـی یارییێک یان بەرنامەیەکی پەروەردەیی و سەرکەوتنی بەرەو ئاستی دواتر. لایەنی نەرێنی تەکنەلۆژیا بۆ سەر منداڵدوورکەوتنەوەی لە دەورووبەر و گۆشەگیری: تەکنەلۆژیا منداڵ هەڵدەنێ بەرەو گۆشەگیربوون و دوورکەوتنەوە لە هاوڕێ و خێزانی و خزم و دۆستانی، وە ئاڵوودە و پەیوەستی دەکات بە جیهانی ئەلیکترۆنیات بە چەشنێک چەندین کاژێر بەسەر دەبات لە بەرامبەر شاشەی تەلەفزیۆن و مۆبایل و ئایپاد، جا بۆ سەیرکردنی فیلم بێت یان بۆ یاریکردن. لە کۆتاییدا منداڵەکە وای لێدێت زۆرینەی کاتە خوازراوەکانی خۆی لەگەڵ ئایپادەکەی بەسەر ببات لەبری خێزانەکەی.

زیانی تەندرووستی: بەسەربردنی کاتێکی زۆر لە سەیرکردنی تەلەفزیۆن و بەکارهێنانی مۆبایلە زیرەکەکان و لاپتۆپ و ئایپاد، منداڵ ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تیشکی زیانبەخش دەکەنەوە کە لەم ئامێرانەوە دەردەچن و هۆکارن بـــۆ لاوازی بینایی و ئالێرژی(هەستەوەربوون)ـی چاوەکانی. ئەمانەو چەندین کێشەی تەندرووستی تری وەک قەڵەوی و زۆرخۆری کە لە دەرئەنجامی زۆر دانیشتن لەبەردەم ئامێرە زیرەکەکان و کەم جولاّن و تەمبەڵییەوە سەرچاوەدەگرێ. کرانەوەی بێ سنوور: لە میانەی بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژیەکان و ئینتەرنێت، منداڵ ڕووەوڕووی شتگەلێک دەبێتەوە کە ڕەنگە بۆ تەمەنی ئەو لایەق و گونجاو نەبن، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی جیهانی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا کراوەن و هیچ سنوور و مەرجێکیان نیە بۆ بەکارهێنان، وەک زانراویشە منداڵ توانای هەڵاوێردکردنی خاس و خراپی نیە لە یەکتری و لەبارمبەردا ئەو شتانەی بەرچاوی دەکەون؛ کەم تا زۆر کاریگەری جێدێڵن لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەوشتی. توندوتیژی: منداڵ هێندێ جار هەڵسوکەوتی توندوتیژانە دەنوێنێ ئەمەش لە دەرئەنجامی ئەو فیلم و ڤیدیۆیانەی کە دیمەنی توندوتیژی نیشان دەدەن و منداڵیش بەسەیرکردنیان پێی کاریگەر دەبێ، یان بەهۆی ئەو یاریانەی کە شەڕ و کوشتاری تێدایە، جا ئەمەش هەر بە کاریگەربوونەوە ناوەستێ، بەڵکو زۆرجار منداڵەکە هەوڵی لاساییکردنەوەیشی دەدات لە ژیانی ڕاستەقینەیدا. لاوازکردنی یادگە: بێ گومان بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان بە شێوەیەکی ناتەندرووستانە، کاریگەری خراپ لەسەر یادگەی منداڵ جێدەهێڵێ بەجۆرێک وای لێدێت منداڵ پشت بە ئامێرە زیرەکەکەی دەبەستێ بۆ بیرکەوتنەوەی کار و زانیاری و ڕووداوەکانی ڕۆژانەی خۆی، لە ئەنجامدا سست و تەمبەڵ دەبێ لە بەکارهێنانی ئاوەزی و ڕاهێنانکردن بە یادگەی. هەروەها زۆر بەکارهێنان و دانیشتن بەرامبەر ئامێرە زیرەکەکان دەبێتە هۆی ماندووبوونی دەماخ بەهۆی ئەو تیشک و شەپۆلە کارۆموگناتیسانەی کە لە ئامێرە زیرەکەکانەوە دەردەچن. تەنانەت هێندێ توێژینەوە ئاماژەبەوە دەکەن؛ بەکارهێنانی زۆری ئامێرە زیرەکەکان، دەبنە هۆی لاوازبوونی ئاستی زیرەکی و داهێنان لای منداڵ، وە سنووربەندکردنی بیرکردنەوەیان لە مەڕ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە شێوەیەکی بابەتیانە. ڕۆڵی خێزان لە کەمکردنەوەی زیان و مەترسیەکانی تەکنەلۆژیا بۆ سەر منداڵ

تەرخان کردنی کاتێکی تایبەت بۆ خێزان بەبێ تەکنەلۆژیا: گرنگە دایباب هەڵبستن بە دیاریکردنی کاتێک بۆ خێزانەکەیان بۆئەوەی تێیدا کۆببنەوە، وە گفتۆگۆ بکرێ و هەوڵ بدرێ کەم و کورتیەکان دەستنیشان بکرێن و چارەسەریان بۆ بدۆزرێنەوە، بەبێ بەکارهێنانی ئینتەرنێت و مۆبایلە زیرەکەکان و تەلەفزیۆن و هەر شتێکی دیکە کە ببنە بەربەست بۆ درووست بوونی پەیوەندیەکی تەندرووستانە لەنێوان دایباب و منداڵ.مەرجەکانی بەکارهێنان: پێویستە دایک و باوک مەرج دابنێن بۆ بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان لە ڕووی کات و ساتی بەکارهێنان و یاریکردن بە ئامێرە زیرەکەکان و سەیرکردنی فیلم کارتۆن و.... هتد وە منداڵ ڕابهێندرێ لەسەر پابەندبوونی بەم مەرجانەوە تاوەکو دەبێتە خوو و نەریتێک لە ژیانی.ببە بە پێشەنگ بـــۆ منداڵەکەت: پێویستە ببیتە پێشەنگ بۆ منداڵەکەت. ناکرێ تۆ هەڵبستیت بە ئاڕاستەکردنی منداڵەکەت بە پێدانی ڕێنوێنی بۆ بەکارهێنانی مۆبایل و ئایپاد و... لەکاتێکدا خۆت زۆرینەی کاتەکانت بە مۆبایل یان سەیرکردنی تەلەفزیۆن بەسەرببەیت، چونکە منداڵ ئەوەندەی کاریگەرە بە کردار، نیو هێندە کاریگەر نیە بە گوفتار.لەکۆتاییدا دەبێ بزانرێ منداڵ ئەمانەتێکە و پێویستە بایەخیان پێبدرێ و توانستەکانیان گەشەپێبدرێ، وە پەروەردە بکرێن لەسەر بنەما و بەها باڵاکان و فێربکرێن چۆن کاتەکانی خۆیان ڕێکبخەن و هەروەسا چۆن ڕووبەڕووی مەترسیەکانی تەکنەلۆژیا ببنەوە.

وەرگێڕانی: موحەممەد فەڕحان
سەرچاوە: هەردوو سایتی (الشروق) و (ئیکسایت)

# ئەدەب - شیعر



## خۆ وتت

خۆ وتت: نارۆم دەمێنم، کوانێ پەیمان و بەڵێن؟
ئێستەکەش کۆچەی دڵ و ڕۆحم، بە یادت هەڵدەڵێن.

خۆ حەکیمی دەردی بێ دەرمانی من تۆ بووی وەلێ؛
ئاخ کەلێنت خستە گیانم، گیانەکەم ئەمما کەلێن.

توخودا ئارامی قەلبی پڕ لە ناسۆریم دەسا
با بە نەزدیکیت هەموو ئازار و ناخۆشیم هەڵێن.

مودەتێکە بووم گرفتار و نەخۆش و نیمە هێز،
خێرتەگا جارێ ئەگەر تیری مژۆڵەت هۆوە نێن!

باڵ هوما، لە کوێ پەیاکەم؟ بێتە سەر حاڵی بەدم
تاکە هیوا بۆ ژیانی پڕ لە خۆشی و موژدەهێن.

تانە بێسوودە ڕەفیقان، قەت لە من مەگرن کە هەر
ڕۆح و دڵ دائیمْ بە نەزری، زوڵفی شانی ژیکەڵێن.

گەر لە ڕۆژی حەشر و پرسیش بێ، ئەمن شوکرم بڵێت:
(ئاری یاران)، بۆ سوئالی تۆ، وەرامی من بەڵێن.

یاران



## ناچمەوە سەر هیچ

هەناسەکانی مردن لێرە چەند
نزیکن،
لە تەک زمانی ئاخاوتنمان
حەرفێک، داڵدەمان نادات و
بارانی بیرەوەریەک نامانشواتەوە.

وەڕەس بووم!
لە گەرمەشێنی ئەم ئاوابوونەدا،
سێ ڕسک ئازاری فرمێسکەکان
دەخوێنمەوە و
حیکایەتی ڕۆژەکانیش وەڕەس
بوون؛
لە پەت پەتێنی نووسینەوەی
هەنگاوەکان.

قسەم هەیە،
لەم بێهوودەییەم ببورن!
ئەی ی ی ی خ خ خ خوا!!!
ئەم بازاڕی ژیانە کوێیە؟
نە خۆر، نە مانگ،
نە ئەستێرە و نە هیچکەس
توانای بینینیان نیە.

ڕازی بێدەنگی بۆ کێ بدرکێنم؟
نە خاک، نە دار، نە گوڵ:
توانای بیستنیان نیە!

دە پێم بڵێن؟
لە کام ئاودا خۆم بخنکێنم؟

کە خۆم تۆفانەکەی نوحم!

دە پێم بڵێن؟
لە کام ئاگر خۆم بسووتێنم؟
کە خۆم ئاگرەکەی ئیبراهیمم!

بە کام لوتکەدا هەڵزنێم؟
هەر خۆم، کە کێوی تورِم!

لەپێش حەزرەتی عیساشەوە
هەر خۆم داری خاچێکی سوورم!

قسەم هەیە،
لەم بێهوودەییەم ببورن!

حسام الدین شێخ



## پەنای باهوڕ

دەڵێن:
باڕەنگ بولبولێکە و
بەیانیان بۆت دەخوێنێ.
پێلی دەریا نیوەڕۆیان،
کۆڵی خەمی ئەنگنیوە و
خۆی لە کەنار دەگنخێنێ.

کرێوەی شەو
پەڵێک هەوری خۆشیرژێن،
گشت شەوگاران
بەسەر تاڵی خۆری سەرت،
دەبارێنێ.

بەڵام ئێستا ڕەوسەی هەتاو،
سەوزی بەیارێکی وڵات،
کێوی سپی داپۆشراو؛
لەگەڵ شادیم، خەندەیانە.

چی دڵۆپی دڵرووخاوی دەریا هەیە:
شەو لە خەونێک دەمرفێنن،
تێکەڵی ناو بڵێسە و تین
لە سێلاخی زریەی قووڵم
دەگەوزێنن.

ئەم هەنیەیەی جێنشینی
پڕ قڵیشی، شەوێک خەمە:
ئێستا نەوای فرەوفیکی
عاشقانی دڵماتەمە.

ئیتر باران لەگەڵ منە.
ئیتر نیوار،

خونچەی لاشان،
دێری مێری شیعری بێوار:
بێدارببم، بێدار دەبن.

من ئەو کەسەم:
کە شیلەی خەم لە ژاری مار
دەپرسکێنم:
تاوی ڕەشی گەردێک دەدەم،
تا تاریکی،
تاکە شەوێک بناسێنم.

فەرهەنگۆک

باهور: هورەبا، ڕەشەبا، زلان، بارەش، خرێشکە
بارەنگ: ئەستوونە زێرینە، کۆلکە زێرینە، پەلکە زێرینە
پێڵ: شەپۆلی دەریا
ئەنگین: مەلاسدانی شتێ
ڕەوسە: ڕەنگی سوور، (سووری هەتاو)
بەیار: زەوی نەکێڵدراو
دڵرووخاو: مەردوومی دڵشکاو
سێڵاخ: لمی ژێر دەریا
زریە: دەریا
هەنیە: ئەنی، تەویل، تەوێڵ، ناوچەوان، نێوانی چاو (تەختایی ژوور هەردوو برۆ)
نەوا: وار، شوێن، (جێگا و ڕێگا)
فرە: فرکە، [دەنگی باڵی پەڕندە(باڵندە) لە کاتێک کە تازە باڵی فڕین بگری]
فیک: فێڵ و تەڵەکەبازی
فرەوفیک: باڵەفرەی باڵندانێک تازە بە فڕین کەوتبن،
نیوار: چەقی ئاسمان
لاشان: لاشانی کێو و چیا، قەدپاڵ
مێر: مێرخاس، گەڕناس، (مەردوومی ئازا و چاونەترس).
بێوار: بێماڵ
ژار: زار، لەر، ژەهر، (ژەهری مار).
پرسکان: خۆ ڕاتەکان، بردان(دوورخستەنەوە)ی شتێک لە شتێکی تر
تاو: تاودان، تاودانی شتێک.

ئەحمەد زرار



جاران لەلای تۆ، غەمێ بۆم دەهات
ئۆقرە و سوکنایی، دەدایە دڵم.

غەمیش دەزانێ ئێستا وێرانم؛
ئەویش فێربووە، نێتە مەنزڵم.

لە دووری ڕەزەترێ بۆتە مەی.
بێ قامیشەڵان، قامیش بۆتە نەی.

ئەمیان بە مەستی، ئەویان بە ناڵە؛
ڕێی بێپایانی عەشق دەکەن تەی.



موحەممەد عەلی خدر

# ئەدەب- لێکۆڵینەوە



# پێشەنگبوونی حەکیم خانای قوبادی

**شاعیرانی جاف و نەزمی ئەترافی مەولەوی و**
**(خانە) کافییە و شافی -حاجی قادری کۆیی-**

## پێشەکی:

بەپێودانگی ئەو پێگە و کاریگەرێتییەی خانای قوبادی لە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە لەسەر بزاوتی ئەدەبی و شاعیرانی سەردەمی خۆی و پاش خۆی هەیەتی، خانا دەخەنە ریزی شاعیرە مەزنەکانەوە. هەروەها پێودانگی مەزنایەتی بۆ هەر کەسێک لە کایەکی مەعریفی و لەوانەش شیعر، پێشەنگ و سەرمەشقبوونی شاعیرە لە داهێنان و نوێگەری و جیاخوازی لە جۆر و ئاستی بیرکردنەوە وئاستی پڕۆژە مەعریفییەکانی بەگشتی و بەتایبەتیش چالاکییە ئەدەبییەکانی. لەم توێژینەوەدا لەو بابەتانە دەدوێین کە خانا دەکەن بە پێشەنگ و پێشەنگبوونیش مەزنایەتی وی دەسەلمێنێت. ژیانی خانا دەکەوێتە کۆتایی سەدەی ١٧ و سەرەتای سەدەی ١٨ای زایینەوە یان سەرەتای سەدەی ١٨ەوە کە لەلایەن مێژووناسانی ئەدەبییەوە ماوەی ژیانی شاعیر بەمجۆرە دیاری کراوە: م. سەجادی (١٧٠٠ – ١٧٥٩ز)، د. بۆرەکیی (١٦٦٢ – ١٧٤٧ز)، د. خەزنەدار (١٧٠٤ – ١٧٧٨ ز)، حەکیمی مەلا ساڵح (١٦٦٨ – ١٧٣٢ز). خانا یەکێکە لە میرزادەکان و پەروەردەیەکی میرزادانەی هەبووە.ئاشنایەتی تەواوی هەبووە لەگەڵ هونەری ڕەزم و سوارچاکی و ڕاو و دانیشتنەکانی ڕابواردن و پەیڤجوانی و ڕەچاوی ئەدەب و پاکداوێنی و بابەتگەلی نەرێتی و خووخدە کە بۆ کوڕانی میران بووە. و بەتوانا بوونە. ئەمە ژیانێکی ئوروستوکراتیی بۆ ڕەخساندووە و بەم هونەرانە ڕاهێنراوە. یەکێک لەو بوارانەی خانای لەسەر پەروەردە کراوە، خوێندن بووە. هەلێکی باشی خوێندنی هەبووە، بۆیە خودان خوێندنێکی بەرز و زانیاریی گرنگ لە بابەتەکانی فیقهی، فەلسەفی، ئەدەبی و عیرفانی بووە. توانایەکی تەواوی بەسەر ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبیدا هەبووە. هزری بەرزی فەلسەفی لەنێو بەرهەمەکانی سەردەمی ناوەڕاستی ژیانی و هزری ناسکی عاریفانەش لە سەردەمی کۆتاییەکانی ژیانیدا هەڵدەهێنجێنین.ئەم لێهاتووییەی هەر لەسەردەمی خۆیدا ناوبانگی پێدا و ناوی وی لە هەموو دەڤەرەکانی کوردستاندا بڵاو بووەتەوە. ڕەنجووری سەرقافڵەی شاعیرانی دەڤەری گەرمیان و کەرکووک کە نیوەی دووەمی سەدەی ١٨ای زایینی ژیاوە. لە شیعری ((شوعەرای کوردستان گۆیەندانی خاص)) هاوشان لەگەڵ ( ٥٥ ) شاعیری دیکە یادی خانا دەکاتەوە:

مەلا نەجەف نـــام (خانای قوبادی)یەک مەلا ساڵح جەرگەی مورادیمەلا عەوەزعەلی سیاهپووش کە لە شاعیرانی کۆتایی سەدەی سیانزەی کۆچیی مانگییە و خەڵکی لوڕستانە. لە شیعرێکدا کە پێشکەشی برای خۆی شاعیر مەلا حەقعەلی سیاهپووشی کردووە هاوشان لەگەڵ ژمارەیەک شاعیری دیکەدا یادی خاناش دەکاتەوە و بەمجۆرە ئاماژەی بۆ دەکات:خانەو (خانە بەیگ) مەعریفەت کەثیرتوراب خـــان زندە تــــا وە شێخ ئەمیر پێگەی شاعیر: خانا لە گەورەترین شاعیرانی کوردە و هەمان پێگە و ڕۆڵی نیزامی گەنجەیی و خاقانی شیروانی لە ئەدەبیاتی کوردیدا هەیە. خانا یەکێک بووە لەو زانا و شاعیرانەی کە دەستێکی باڵای لە ڕەخساندنی ئەو کەش وبزاوتە ڕۆشنبیرییەدا هەبوو، کە بەر لە دەرکەوتنی مەولەوی زەمینەیان بۆ گەشە و پەرەپێدانی شیعری کوردی خۆشکردووە و بواری هەناسەدان و گەشەکردنی بەرفراوان کردووە.

وەک لە کۆتایی کتێبی (خوسرەو و شیرین)دا هاتووە گوایە ئەم ڕۆمانە شیعرییەی خانا تەواو نەبووە، مەولەوی ویستوویەتی تەواوی بکات. بەڵام بە وتەی مامۆستا مودەڕیس مەولەوی دواتر پلەی روونبێژی و ڕەوانبێژیی خانای لە خۆی بەرز بینیوە و لەو پرۆژەیە پەشیمان بووەتەوە. ئەمەش ئاستی بەرزیی پێگەی خانا لای مەولەوی دەردەخات. شیعری خانا تا ئاستێک ئاوێتەی هەست و نەستی خەڵکی بووە و زاخاوی هزر و گیانی داون، کە دواتر لە شێوەی شیعری فۆلکلۆر دەرکەوتووەتەوە. بۆ نموونە ئەم شیعرە:

ڕیشووی پێی سەربەست دەوری پێشانی ڕیزی
بەست وێنەی سوپای ئێرانی برۆ شـــێوەی
قـــەوس ئوستاد مـــانی پەڕیوەتە ســـەر دیدەی
قــــەترانیبرژانگ وەک تیـــــری چرکی کەمانی
پەرەی جەرگ سمی کاهووت مەکانیعەین عەینی
وەڵ عەین شابازی لانیئەنف ئەلف نەقـــش
ئوستاد مـــانی

لەکتێبی فۆلکلۆری ناوچەی گەرمیان دا، ئەو چەند دێڕەی سەرەوە بەمجۆرە هاتووە:

خـــوردە ئەگریجان نــە پـــای پێشانی ســان
دان چون تیپ سوپای کەیانیحاجیب کشیدەی
ئوســـتاد مـــــانی خەدەنگگریانپەی دەست
نیشانیرووی گۆناش ماچی دانەی ڕوومانی
مەمان شەکرە سێو خونسار مەکانیعەین عەین
جەیران سپای قـــەترانی زنج گرد خاڵ ماوی
پیرۆزەی کانی

دواجار شاعیر وەکو زۆرێک لە شاعیرانی دیکە پلەی شاعیرێتی خۆی هەڵدەسەنگێنێت. ئەمەش لە سەر زمانی بوونەوەرێکی غەیبانییەوە دەخاتەڕوو:

١-شاعیرێکی خۆش هەڵبەست

٢-ئەویندارێکی شێت ئاسا

واتن: هەی شوعەرای خۆش نەزم و شێوەجـــانشین قـــــەیس پـــەی لـــــەیلا لێوەپێشەنگبوونی حەکیم خانای قوبادی:بە تاوتوێکردنی بەرهەمەکانی خانا لەسەر دوو ئاستدا پیشەنگبوونی خانامان بۆ دەردەکەوێت:

ئەلیف: ئاستی هزر

بێ: ئاستی هونەری

ئەلیف ئاستی هزری:خانا لەسەر ئاستی هزریدا لە چەند ڕوویەکەوە پێش شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی تەنانەت هەندێجار پاش خۆیشی دەکەوێت کە بۆ کۆمەڵگەکەی خۆی و بزاوتی ڕۆشنبیری و ژیار و شارستانییەت تازە بوونە. ئەوەش دەتوانین لەم خاڵانەدا پوختی بکەینەوە:

١-خەییامانە:

خانا بە یەکێک لەو شاعیر و پیتۆڵانەی کورد دێتە هەژمار کە بە وێنەی خەییام خاوەن بیرێکی فەلسەفی بووە و جیاواز لە شاعیران و شارەزایانی ئایینی سەردەمی خۆی هەڵوەستەی (گومان) ی هەبووە. لە برێک شیعردا وا دەردەکەوێت کە ڕێگای پرس و توێژینەوە و گومانی گرتووەتە بەر. بەم بۆنەوە د. سەعید کوردستانی لە کتێبی (نزانی مزگانی)دا لە بارەی خاناوە کە لە ڕوانگەی بیروباوەڕیی ئایینی خۆیەوە وەکو جۆرێکی سەرزنشت باسی لێوە دەکات و دەڵێت:

مـــەبەر بـــە وێنەی خـــانای قــــوبادی
شێت و ئـــەراگێڵ بـــەی دنیای بـادی
شــــەمشەلەکۆرەی ئاســــــیاوە کـــۆنە
جە خودا دوور و جـە خەڵک بێ گۆنە
وە فەلسەفەی وێش وێش وستش ئەو تۆڕ
هـەر وا کۆر ئاما و کۆریچ شی نە گۆڕ

بەڵام ئاشکرایە خانا وەکو شارەزایانی ئایینی سەردەمی خۆی کوێرانە و لاساییکاری نەبووەتە پێڕەوکاری ئەو ڕێبازە لاهوتییەی ئەوسا کە بەبێ توێژینەوە باوەڕیان پێ هەبووە، بەڵکو بە ویست و بیری خۆی ڕێبازی (جەبری) بۆ خۆی پەسند کردووە و لە شیعرەکانیدا بە ئاشکرا بەرگری لێ کردووە و لەو پێناوەشدا تووشی تەگەرە و چەرمەسەری بووەتەوە:

یا حەی ئـەر بەدخۆم ئەر پاکیزە خۆم
گۆنـــای من چێشەن ئـــافەریدەی تـــۆم
شەڵڵا ڕۆی ئەزەڵ ئەر نەبیا وە جەور
نەکێشای تەسویر هەستی مـن وەی تەور
ســـاکە کێشانت بـــەنای بـــــاڵادەس
من هەر سونع تۆم ئـەر خاسم ئەر گەس

ئەگەر دەنگۆی زیندانیکردنی ڕاست بێت، کە دەشێ بەهۆی هەڵویستە جیاوازەکانییەوە تووش بووبێت، ئەوا دەبێتە یەکەم شاعیری کورد خرابێتەوە زیندان. پێش غوڵامڕەزا خانی ئەرکەوازی و فەقێ قادری هەمەوەندی و مەلای جەباری و تەیموور بانیارانی و قانیع و ...هتد دەکەوێت.

٢-وەرگێڕانی قورئان:

خانا لە ڕاڤەی قورئاندا بەتوانا بووە. بەپێی دەنگۆیەکان بەشێکی لە ئایەتاکانی قورئانی بە هەڵبەستەوە ڕاڤە کردوون. لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە ڕاڤەیە لە نێوان شارەزایانی کورد لەو سەردەمەدا پێشینەی باوی نەبووە، بۆیە شارەزایانی ئایینی خەڵکیان لە دژی لێ هانداوە و ئەویش ناچار کۆچی کردووە. ئەم هەوڵەی خانا کە لێکدانەوەی قورئان بووە بە شیعر و بە زاری گۆرانی، مەخابن تیا چووە تەنها چەند بەندێکی لێ بەجێماوە. ئەوەش زارەکی دەیگێڕنەوە. ئەگەر ئەم هەوڵە سەرکەوتوو بوایە، بێگومان هاوشێوەی هەوڵە ڕیفۆرمەکەی مارتن لۆسەر (١٤٨٣ – ١٥٤٦ز) دەبوو. مارتن دامەزرێنەر و مامۆستای ڕیفۆرماسیۆن بوو و دەستی کرد بە وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز و هانی خەڵکی دا بە زمانی دایک نوێژ بکەن و کتێبی پیرۆز بخوێننەوە.

٣-بایەخدان بە زمانی کوردی:لە سەردەمی خانا کە سەردەمی سەفەوی بووە، هیچ بایەخێک بە زمانی کوردی نەدراوە. خانا قۆڵی لێ هەڵدەماڵیت و شاکارەکانی ئەدەبی فارسی وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی بە جۆرێک کە هەرگیز هەست بە وەرگێڕانی ناکەیت. ئەو شانازی بە زمانی کوردی و کوردستانەوە کردووە. یەکەم کەسە کە ڕۆمانەشیعرییەکانی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە. ئەمەی لە سەردەمێکدا کردووە، نووسین هەر بە زمانی عەرەبی و فارسی بووە. ڕووبەڕووی ئەوانە بووەتەوە کە بڕەویان بە زمانی بێگانە داوە و زمانی کوردییان بە لاوە ناوە و لە بەرچاویان ناشیرین کردووە. ڕەنگە نووسین و وەرگێڕانی بە زمانی کوردی بە دەستەوەدانی ڕاستگۆیی بانگەشەکەی بێت بۆ گەڕانەوە بۆ نووسین بە زمانی دایک. هەروەها ئەوەش بسەلمێنێت کە زمانی کوردی ئەگەر لە زمانە بیانییەکانی چواردەورمان لەبارتر نەبێت، ئەوا لەوانیش کەمتر نییە.

خانا دەڵێت:

ڕاسەن مەواچان فارسی شەکەرەن کوردی جە
ڤارسی بەڵ شیرینتەرەنبە لــەفظ کوردی
کوردستان تەمام پێش بـوان مەحظوظ بــاقی
والسلام

پێدەچێت بەم هۆیەوە لە سەردەمی خۆیدا سەرزەنشت کرابێت، لەسەر ئەوەی بە کوردی نووسیویەتی هەر وەکو دوای ئەویش نالی و حاجی تووشی هەمان سەرزەنشت بوونەوە.

بایەخدان بە زمانی کوردی، ئاماژەیە بە هەستی نەتەوایەتییەوە. هەستی نەتەوایەتی (کوردایەتی) ئەو لەو ڕۆژگارەدا لە پلەیەکدا بووە کە نەیتوانیوە بیشارێتەوە. خانا ئەوەی بە خەڵک ڕاگەیاندووە کە زمانی کوردی بە ئاسانی لەبارێدا هەیە کە ڕووداوەکانی ڕۆژگار لە چوارچێوەی شیعری ناسکدا دابڕێژێ.کەوشەنی جوگرافیای ئەو زمانەی خانا شیعری پێ نووسیوە، زۆر بەرفراوان بووە و بەشێکی گەورەی کوردستانی گرتووەتەوە کە ئەویش زاری گۆرانە و لە سەردەمی خۆیدا لە گەرمیانی کەرکووکەوە تا بەری هەمەدان و لە دەڤەری سەردەشتەوە تا ئەوپەڕی لورستانی لەخۆگرتووە. زمانی ئەدەبیی ئەم جوگرافیا بەربڵاوە بووە و هەموو (لور، لەک، کەلهور، فەیلی، گەرووس، ئەردەڵان، جاف و گۆران و گەرمیان) تێی گەیشتوون

٤-تێفکرین:خانا خاوەنی هزرێکی ئازادیخوازانە بووە و لەگەڵ ستەم و زۆرداری و سەپاندن نەبووە. وەک ئاماژەمان پێدا ئەو بە ویستی خۆی و پاش تاوتوێکردن، ڕێبازێکی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. بۆیە لەگەڵ ئەوە بووە مرۆڤ ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی بیروباوەڕی خۆی. بەهۆی ئەو ستەمانەی ئەهلی شەریعەت لە بەرانبەر سۆفی و عاریفاندا کردوویانە، دڵگرانی خۆی دەربڕیوە. هەر بەو هۆیەوەیە لە دێرەشیعرێکدا بەرگری لە عمادالدین نەسیمی (لە ساڵی ١٤١٧ز کوژراوە) دەکات و دەڵێت:

ئـەر چون نەسیمی کەنان پۆستم
هەرتا زیندەنان هەر تۆنی دۆستم

خانا هەستی بە ئاخ و داخی نەتەوەکەی کردووە و بەدبەختی و داماوی نەتەوەکەی بە دەستی دەسەڵاتدارانەوە بینیوە و بەم بۆنەوە ئارەزووی

ڕێبەرێکی دادپەروەری بۆ نەتەوەکەی کردووە:

خـانا بـــــــۆ وەسەن زبـــان درازی
کۆن ئەو صاحیب عەدل تۆ پێش بنازی

هەروەها چارەسەرکردنی گیرگرفتی وڵاتی بە پرس و ڕاوێژی خەڵک زانیوە و وای هەست کردووە کە خەڵک دەبێت خۆیان بە پێی ڕاوێژ و ڕاگۆڕینەوە واتە: بە شوورا وڵات بەڕێوە ببەن.

٥-چەندێتی بەرهەم:
خانا دەشێت تا ئێستا بە خاوەنی زۆرترین بەرهەم لەناو شاعیرانی کورددا دابنرێت.
بەرهەمەکانی شاعیر بەم جۆرەن:
١-دیوانی چامە و غەزەلەکانی کە چاپ کراوە: نزیک (١١٤٤) دێڕە.
٢-خوسرەو و شیرین: (٥٥٢٦) دێڕە + (٣٠٤) دێڕی دیکە بە پێی نوسخەی تر.
٣-یوسف و زلێخا: (٣٥١٩) دێڕە.
٤-سوڵتان ئیبراهیم و نووش ئافەرین: نزیک (٤٢٢٢) دێڕە.
٥-لەیلا و مەجنوون: (١٦٤٩) دێڕە.
٦-شیرین و فەرهاد: (٢٣٤٥) دێڕە. هێشتا بلاو نەکراوەتەوە.
٧-ئەسکەندەرنامە: هێشتا دەستنووسە و بەردەست نەکەوتووە.
٨-میعراجنامە: دەستنووسە و نزیک ٣٠٠ لاپەڕەیە، نزیک (٤٠٠) دێڕە.
کۆی گشتی دێڕەشیعرەکان بەبێ ئەوانەی زانیاریمان لەبارەی قەبارەکەیانەوە نییە، بە نزیک کراوەیی دەکاتە (١٨٧٠٩) دێڕەشیعر. ئەمەش ڕیکوردێکە کە شاعیرانی تر پێی نەگەیشتوون.

بێ ئاستی هونەری:خانا لە ئاستی هونەریدا لە چەند بابەتێکدا کە دەستپێشخەری تێدا کردووە و داهێنان و نوێگەری تێدا کردووە بووەتە پێشەنگی سەردەمی خۆی. پێشەنگبوونی لە ئاستە هونەرییەکەش هەر بۆ ئاستە هزرییەکەی دەگەڕێتەوە کە خودان باکگراندێکی بەرفراوانی ڕۆشنبیریی ئەوکات بووە. پێشەنگبوونی لە ئاستی هونەری لەم چەند خاڵەدا پوخت دەکەی نەوە:
١-وەرگێڕانی ئەدەبی:
لە قۆناغی سەرەتادا (بۆ وەرگێڕان)، لەو سەردەمە دێرینەی کە کورد هیچ نەخشەدانانێکی کولتووریی بۆ خۆی نەبووە. شاعیرانی گۆران لە سەدەی حەڤدەدا شان دەدەنە بەر کاری وەرگێڕان. ئەم سەرەتای وەرگێڕانە لە زمانی بێگانەوە بۆ زمانی کوردی بووە، بە تایبەتیش لە زمانی فارسییەوە بۆ کوردی-گۆرانی.خانا لە کاتی خۆیدا بۆ یەکەمجار دەستی کردووە بە وەرگێڕانی سێ بەرهەمی نیزامی (٥٣٠ – ٦١٩ ک.م) و بەم کارەی هەم دەبێتە یەکەمین وەرگێڕی کوردی هەم مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبەکەماندا دەگەڕێنێتەوە بۆ نزیکەی ٣ سەد ساڵ پێش ئێستا. بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیش ئەمانەن: خوسرەو و شیرین، لەیلی و مەجنوون و ئەسکەندەرنامە. بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنین کە خانا وەرگێڕانی کردووە، لە خوسرەو و شیرین-دا بە ئاشکرا لە (١٧) شوێندا ناوی نیزامی هێناوە و لە بەرانبەردا لە (٢٠) شوێندا ناوی خۆی هێناوە. ئەم بەرهەمە لای نیزامی(٦٥٠٠) دێڕە لە سەر کێشی هەزەجی شەشی حەزفکراو یای مەقسوورە. لای خانا (٥٥٢٦) دێڕە لە سەر کێشی دە سیلابی خۆماڵی. ئەم ڕۆمانە شیعرییە لەدوای نیزامی زیاتر لە (٣٠) شاعیر بە زمانی فارسی و چەند شاعیرێک بە زمانی تورکی هۆنیویانەتەوە. لە ناو کوردیشدا چەند شاعیریک هۆنیویانەتەوە. بەڵام خانا یەکەمینیانە و سەرکەوتووترینیانە. ئەم ڕۆمانە شیعرییە، ئەویندارانەیە و لە لایەنی مێژووی، کۆمەڵایەتی و ئاکارییەوە بایەخدارە. پڕە لە قسەی نەستەق و زاراوە و پەندی کوردی. لەوپەڕی جوانی و ڕەوانیدا بە شێوەیەک لەباری زمانی و ئەدەبیشەوە بێگومان بە یەکێک لە بەرهەمە ناوازەکانی کوردی دێتە هەژمار.

شێوازی وەرگێڕان:
شێوازی وەرگێڕانی خانا ئەوە نییە کە دێڕبەدێڕ بە دوای نیزامیدا ڕۆیشتبێت، بەڵکو تەنها ناوەڕۆکەکەی لێ وەرگرتووە و ئیتر بەو شێوەیەی کە خۆی ویستوویەتی و پێی باش بووە دایڕشتووەتەوە. بەڵام لە هەندێ دێڕدا کتومت ئەوەی نیزامی وەکو خۆی وەرگیراوە، هەر ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خانا وەرگێرانی بۆ کردوون. لێرەدا دوو نموونە دەخەینە ڕوو:
نموونەی -١-

**کای تازەگل خزان رسیدە**
**رفتە ز جهان جهان ندیدە**
**-نیزامی-**
**وان ئەی تازەگوڵ خەزان ڕەسیدە    نە جیهان**
**لوای جیهان نەدیدە**
**-خانا-**

**نموونەی -٢-**

**ن خال چو مشک دانە چونست**
**و ن چشمک هوانە چونست**
**-نیزامی-**

**چونەن سیا خاڵ میشکین دانەی تۆ**
**چەشمەک چەمان ئاهوانەی تۆ**
**-خانا-**

خانا لە وەرگێڕانەکانیدا ویستوویەتی بەرگی کوردی یان بەرگی ((خانا))بیان لەبەر بکات. بۆ ئەو مەبەستە دەستکاری هەندێ بابەتی بەسەرهاتەکانی کردووە. ڕۆمانەشیعرییەکانی خانا ئەگەر بە پەخشان و بە شێوەیەکی ئەدەبی بە زمانی ئەم سەردەمە سەرلەنوێ بنووسرێنەوە، ڕەنگە ئێستاش نرخێکی ئەدەبی و چێژێکی خۆشیان هەبێت. بەلای ئێمەوە دیالۆگەکانی خانا هونەریانەترن لەوانەی نیزامی. ڕیالیزم زیاتر بەکارەکانی خاناوە دیارە و لەوێش زیاتر بایەخی بە گرێی سایکۆلۆژی داوە. نیزامی زیاتر بایەخی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە داوە، بەڵام خانا زیاتر بایەخی بە ئەدەبیات و شیعرییەت داوە خانا لە وەرگێرانەکانیدا داهێنانی خۆیشی تێدا کردووە. بۆ نموونە لە ڕۆمانەشیعری خوسرەو و شیرین-دا بەسەرهاتەکەی بە سەردەمی خۆی بەستووەتەوە. خانا شارەزای فۆکلۆری جەنگ و ڕاو و ڕابواردن و شایی و شیوەن بووە و مۆرکێکی کوردانەی پێ بەخشیوە.

شێوازی شیعر: خانا شێوازی تایبەت بە خۆی هەبووە. ئەو وشانەی لە شیعرەکانیدا بەکارهاتوون دوور بوونە لە هەر جۆرە نامۆییەک. شێوازی تاکەکەسی خۆی ناسراو بووە. هەرکەسێک کە هەندێک شارەزای شیعری کوردی بێت، بەئاسانی دەتوانێت لەنێوان شیعری دیکەدا شیعری خانا بناسێتەوە و دیاری بکات. تەنانەت ئەگەر ناویشی تێدا نەبێت. لە شیعری ئەودا وێنەی ڕۆمانتیکی زۆر بەرچاودەکەوێت. هەندێجاریش خەریکی بیری فەلسەفی بووە. نیشتیمان و نەتەوە پێگەیەکی تایبەتی هەیەلە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا. شیعری خانا لە ڕیزی چاکترین شیعر دەوەستێت. واتای وشە ئاشکرایە، دارشتنی ڕستەی ئاسانە، لە واتادا هەندێ لە شیعری ئەدەبی میللی نەنووسراو نزیک دەبێتەوە. ناوەڕۆکی دەوڵەمەندە خانا بەوپەڕی ناسکێتی و جوانکاریی شیعری بەرهەمەکانی خەملاندووە، لە هەموو ڕۆمانەشیعرییەکانیدا جگە لەوەی بابەتەکە بە پوختکراوی بە دەستەوە دەدات، لە ڕووی ڕەوانبێژیشەوە پڕی کردوون لە وێنە، وەسفم درکە، خوازە، لێکچواندن، ڕەگەزدۆزی و دەستەواژەی ناسکی شیعری و ...هتد. شاعیرانی دیکە ئەوانەی ڕۆمانەشیعریان هۆنیوەتەوە، کەسیان هێندەی خانا جوانکاریان لە شیعرەکانیاندا تەوزیف نەکردووە. لە ئەدەبی غەنایی عیرفانیدا کە هەمیشە گراوێکی خەیاڵی و ئەفسانەیی هەیە و شاعیر کوڵی دەروونی لە پەسنی خولیای گەیشتن دەردەبڕێت، زۆربەی هەرە زۆری شیعری کوردی تا ئەو سەردەمەی گرتبووەبەر. بەڵام کەسانێکی وەکو خانا هاتوون و ئەدەبی غەنایی بەزمی-یان هێناوەتەوە ناو ئەدەبی کوردییەوە.خانا لە هۆنینەوەی (یوسف و زلێخا)دا یەکەم کەسە لە ناو ئەوانەی ئەم بەسەرهاتەیان بە کوردی هۆنیوەتەوە، چ لە ڕووی پەتەوی دارشتن و ناوەڕۆکەوە یان لە ڕووی زۆریی دێرەکانەوە.هۆنینەوەی (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین) تایبەت بەخۆیەتی و لە فۆلکلۆر و ڕاز و ئەفسانەی کوردییەوە وەریگرتووە. لەو بەسەرهاتانەیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەچێتە نێو بابەتی ئەفسانە و زیاتر باسی جن، دێو، پەری، جادوو و تەلیسم دەکات. ئەم جۆرە باسانەش لە ئەدەبیاتی کوردیدا زۆر کەمن و ئەگەریش هەبن، کەس کۆی نەکردوونەتەوە. ئەگەر ڕۆمانەشیعرییەکانی لەگەڵ قەسیدە ئیسلامەوەییەکانی بەراوردیان بکەین، ئەوا ڕەسەنی نەتەوەیی ئەدەبی کوردی زیاتر لە لیریک و ڕۆمانەشیعرییەکانیدا ئاشکرایە. خانا وەک شاعیرێکی مەزن بە بناغەدانەری ئەدەبی ڕەسەنی کوردی دیالێکتی هەورامی و شاعیرانی پاش خۆی و هاوچەرخی خۆیشی وەک مامۆستا و لێهاتوو و کارامە چاویان لێ کردووە.

٢-قاڵبە شیعرییەکان:فۆرمی شیعرەکانی خانا ئاسایی لەسەر نەریتی پێش خۆی چووە کە جووت سەروا (مثنوی) لە سەر کێشی خۆماڵین، واتە دە برگەیی (سیلاب)، بەڵام ئەوەی خانا نوێگەری تێدا کردووە و بۆ یەکەمجار هێناوییەتە نێو ئەدەبی کوردییەوە. فۆرمی تەرجیعبەندە. نموونەی دیاری ئەمجۆرە شیعرانەی، شیعرە ئایینییەکانێتی کە بە (حەوت بەند)یش ناسراون.

ئەڵبەتە دەبێت ئەوە بخەینەڕوو کە مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی، دیوانە شیعرێکی گۆرانی هەورامی چاپ و بڵاکردووەتەوە بە ناوی (دیوانی عەزیز). ئەم دیوانە دوو چاپی بینیوە. لە پێشەکی چاپی یەکەمدا مامۆستا بۆی ساغ نەبووەتەوە کە ئەم عەزیزە کێیە؟ چونکە لە مێژوودا چەند شاعیرێکمان بە ناوی عەزیزەوە هەیە. گومانی مامۆستا لە نێوان (عەزیز دەردین:

که ناوی له لیستی شاعیرانی لای ڕەنجووری هەیە و له شاعیرانی کۆنه) و (شێخ عەزیز جانەوەری که خەلیفەی شێخ سیراجەددینی نەقشبەندی بووه و هاوچەرخی مەولەوی بووه) ماوەتەوه. بەڵام له چاپی دووەمدا به پێی هەندێ شیعری تازەدۆزراوەی تر گومانەکەی بەلای دووەمیاندا شکاوەتەوه و بووەته یەقین. بەڵام من پێموایه زۆربەی شیعرەکانی ئەم دیوانه مۆرکێکی کۆنیان هەیه و بەدووری نازانم هی عەزیز دەردین بن. مەبەست لەمه بوونی تەرجیعبەندێکه له دیوانەکەی عەزیز. ئەم تەرجیعبەنده له ١١ بەند پێک هاتووه و تەرجیعەکەی بەم چەشنەیه:

**یـــا عەلی دەخـــیل بدەر نەجـــاتم**
**سوپای خەم کەردەن قەطع حەیاتم**

ئەگەر ئەم شاعیره عەزیز دەردین بێت که دەشی هاوچەرخی خانا یان کۆنتر بێت، ئەوا خاوەنی یەکەم تەرجیعبەند به هەڵپەسێراوی دەمێنێتەوه. بەڵام تا ئەو بابەته ساغ دەبێتەوه لەئێستادا خانا به یەکەم شاعیر دادەنرێت که تەرجیعبەندی نووسیوه. تەرجیعبەند: چامەیەکه که بەسەر چەند بەندێک یان چەند کۆپلەیەک دابەش دەبێت و هەر بەشێک خودان مەتڵەع و سەروان و له کۆتایی هەر بەندێکدا دێڕێک دووباره دەبێتەوه که هاوکێشی بەندەیەکه بەڵام سەروایەکی دیکەی هەیه. بەو دێره دەڵێن (واسطه العقد) و به هەر بەشێک دەڵێن (خانه).

٣-داشۆرین:لەسەر بنەمای زۆرێک له سەرچاوەکان داشۆرین له ئەدەبی کوردیدا بۆ نالی و پاشان به شێوەیەکی فراوان بۆ شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەگەڕێتەوه. بەڵام له بەرهەمەکانی خانادا و بەتایبەتی له شاکاری خوسرەو و شیرین-دا چەند دێرێک بەسەر دەکەینەوه که داشۆرینی پیرەژنێکه. دەتوانین به یەکەم داشۆرین له ئەدەبی کوردیدا ناودێری بکەین و یەکەمین داشۆرین بدەینه پاڵ خانا:

**شەخسێ پەرستار یاوا ئـــەو شـــەو**
**به عەرزی شیرین بێهۆش خوسرەو**

**-هونەری زانینی نرخی کات:**

ئەو ساڵانەی خانا ڕۆمانەشیعرییەکانی تێدا نووسیوەتەوه، هاوکات بووه لەگەڵ قۆناغێکی نائارامی مێژووی ئێران. ئەفغان پەلاماری سەفەوییەکانیان داوه کۆتاییان به دەسەڵاتیان هێناون. نادرشا ئەفشار (١١٥٥-١١٦٥ ک) کۆتایی به دەسەڵاتی ئەفغانەکان هێناوه. کەریم خانی زەند کۆتایی به دەسەڵاتی ئەفشار هێناوه. جەنگی ڕۆم و عەجەم بەردەوام بووه. کوردستان بەگشتی هەر دوو میرنیشینی ئەردەڵان و بابان بەتایبەتی، بەشێک بوونه لەم جەنگانه و ناوچەکانیشیان گۆڕەپانی ژمارەیەک لەم جەنگ خوێناویانه بووه. خانا بەشێکی ژیانی له کۆتایی سەردەمی فەرمانڕەوایی سەفەوییەکاندا بووه و ئەودوای ژیانی له سەردەمی زەندی بووه. زۆرێک له ڕووداوه سیاسی و حکومەتدارییەکانی سەردەمانی ژیانی خۆی بینیوه. وێڕای هێرشی دوابەدوایەکەکانی عوسمانی بۆ سەر کوردستان. ئەم هەمووه ناهەمواریيه سیاسی و کۆمەڵایەتییانه وایان لێکردووه بگەڕێتەوه بۆ ناخی خۆی له ئاکامدا پەنای بردووەته سەر شیعر و هونەر. خوسرەو و شیرین-ەکەی بەرهەمی ئەم سەردەمەی پەشێویی کۆمەڵگەیه.ئەوەی جێگای سەرنجه که له سەردەمێکی بەو جۆره پڕ له ئاژاوه و شەڕو شۆڕ. شاعیرێکی وەکو خانا له کوێ گیرساوەتەوه و چۆن توانیویەتی ئەو هەموو بەرهەمه بنووسێت. بەڕاستی ئەمه بۆ خۆی ئاماژەی بلیمەتی خانایه که وێڕای ئەو هەلومەرجه نالەباره توانیویەتی وزەی خۆی بەکاربێنێت و شاکارگەلی ناوازه بئافرێنێت.

ئەنجام:

خانای قوبادی که هەندێ جار به خانه بەیگ و ناوی دیکەش هاتووه، شاعیرێکی مەزنی کورده و ماوەی ژیانی دەکەوێته کۆتایی سەدەی ١٧ و سەرەتای سەدەی ١٨ی زایینی. شاعیرێکی پێشەنگ و سەرمەشقه. پێشەنگبوونی خانا لەم چەند خاڵەدا پۆخت دەکەینەوه. پێگەیەکی بەرزی له نێو شاعیرانی هاوچەخ و پاش خۆی هەبوو و ناوبانگی وی ناوچەیەکەی زۆری وڵاتی کوردەواری گرتووەتەوه. ڕێگەخۆشکەر بووه بۆ کەشی بزاوتی شیعری دوای خۆی که مەولەوی سەرهەڵدەدات. شیعری هێند ئاوێزانی هەست و نەستی خەڵک بووه که تێکەڵی فۆلکلۆریش بووه. لەسەر ئاستی هزریدا خودان فەلسەفەیەکی هاوشێوەی خەییام بووه و له ڕێبازی لاهووتیدا ڕێبازی جەبریی بۆ خۆی هەڵبژاردووه، که ئەمه جیای کردووەتەوه له هەموو شارەزایانی ئایینی هاوسەردەمی خۆی. دەستی داوەته وەرگێڕان و ڕاڤەی قورئان به هەڵبەستەوه بۆ زمانی کوردی-گۆرانی و ویستوویەتی تاکی کورد به زمانی دایکی کتێبی خودا بخوێنێتەوه. بایەخی زۆری به زمانی کوردی داوه شانازی پێوه کردووه و به مایه و هەوێنی بەختەوەری هەژمار کردووه.

لەبیرکردنەوەدا مرۆڤێکی ئازادیخواز بووە و بانگەشەی بۆ ئازادی بیروباوەڕ و دادپەروەری و مرۆڤدۆستی کردووە. لە ڕووی چەندێتییەوە خاوەنی زۆرترین بەرهەمی شیعرییە. لە ئاستی هونەریشدا . هونەری وەرگێڕانی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە کە ڕۆمانەشیعرییەکانی وەرگێڕاوە، وێرای ئەوەی تایبەت بەخۆیشی داڕشتوون. لە شیعردا شێواز و ستایلی تایبەت بەخۆی هەبووە و هەر زوو لە لاسایی دەربازی بووە. لە فۆڕمی شیعردا تەرجیعبەندی هێناوەتە ناو شیعری کوردییەوە کە فۆڕمێکی شیعری فارسییە. یەکەم ئاماژەی شیعری داشۆرین لە بەرهەمەکانی خانادا دەدۆزینەوە. لەهەمووی گرنگتر لەگەڵ ئەوەی سەردەمەی خانا پڕ شەڕو شۆڕ و ئاژاوە بووە، کەچی هونەرمەندانە توانیویەتی وزەی خۆی لە داهێناندا وەگەڕ بخات و بە ئافراندی دەیان بەرهەمی شاکار ناوی خۆی لە مێژووی نەتەوەیەکەی خۆیدا تۆمار بکات و وەکو تیشک بدرەوشێتەوە.

---

سەرچاوەکان:


١-ئەدەبی کۆنی کوردی، پ. د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپی دووەم ٢٠١٢، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر.
٢-مێژووی ناودارانی کورد (بەرگی یەکەم)، بابە شێخ مەردۆخ ڕۆحانی، ووەگێڕانی ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، چاپی یەکەم ٢٠١١ز ، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی - هەولێر.
٣-یوسف و زلێخا، بووژانەوە و لێکدانەوەی: حەکیم مەلا ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لە بلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان - هەولێر.
٤-مەولەوی شاعیری ئازار و خەم، لێکۆڵینەوەی حەمەکەریم هەورامی، ٢٠١٣ ٢٧١٣، ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٣٩- هەولێر.
٥-چیرۆکی شیعری سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین خانای قوبادی، کۆکردنەوەوە داڕشتنەوەی: حەمەڕەشید ئەمینی (پاوەیی)، چاپی یەکەم ٢٠١١، کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٦٨، چاپخانەی ئاراس هەولێر.
٦-خسرو و شیرین، خانای قبادی، ویراستە: صدیق صفی زادە (بۆرەکەیی) چاپ اول ١٣٦٩، چاپخانە حیدری، ناشر مولف.
٧-مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا (لە کۆنەوە تا ١٩٣٢) د. فەرهاد پیرباڵ، چاپی یەکەم ٢٠٠٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردە (١٠) هەولێر.
٨-مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، چاپی دووەم ١٣٩٠ هـ - ١٩٧١م، چاپخانەی معارف بەغداد.
٩-لەیلا و مەجنوون، خانای قوبادی، ئاکادەکار: غەفار ئیبراهیمی (سارۆ)، پێداچوونەوە: محەمەد ڕەشید ئەمینی پاوەیی، ٢٠١١، چاپخانەی شڤان، بنکەی ژین- سلێمانی.
١٠-دیوانی ڕەنجووری مەلا عومەری زەنگنە، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم ١٤٠٣ ک ١٩٨٣ ز ، چاپخانەی ( فاق عربیە) بەغدا.
١١-دیوانی عەزیز، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی دووەم ٢٠١١، چاپخانەی خانی دهۆک، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی هەولیر.
١٢-مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی یەکەم، د. مارف خەزنەدار، چاپی یەکەم ٢٠٠٢، بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە ١٤٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر.
١٣-بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، نەوشیروان مستەفا ئەمین، کتێبی یەکەم، چاپی دووەم ٢٠١٢ زاینی، الدار العربیة للعلوم ناشرون، بیروت لبنان.
١٤-هۆنراوە و دیوانی شاعیرانی کوردی گۆران، هاشم عاسی کاکەیی، ٢٠٠٨، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک، چاپخانە: (ڕۆژ) کۆمەڵەی ڕوناکبیری کەرکوک- کەرکوک.
١٥-گلزار ادب لرستان، تألیف و گرد وری: اسفندیار غضنفری، بە کوشش اسعد غضنفری، نوبت چاپ: اول ١٣٧٨، انتشارات مفاهیم، چاپخانە دانش خرم باد.
١٦-تاریخ ادبیات کردی از غاز تا جنگ جهانی اول، پژوهش: جمال احمدی، سال چاپ: ١٣٩٥، انتشارات گوتار.
١٧-شعر لمان از غاز تا امروز، گرد وری و ترجمە: دکتر علی غضنفری، نوبت چاپ: دوم ١٣٩٣، بنگاە ترجمە و نشر کتاب پارسە.
١٨-سرود بادیە، در احوال و ثار شعرای کرد و لک و لر، مولف محی الدین صالحی کرمانشاە ١٣٨٠،چاپخانە: رستمخانی، ناشر مولف، با همکاری انتشارت کردستان.
١٩-پیام، اطلاعات عمومی، گرد ورندە: دکتر سید محمود اختریان، نشر محمدم نوبت چاپ: هشتم ١٣٨١، انتشارات عالمگیر.
٢٠-حدیقەء سلطانی، احوال و ثار شاعران برجستە کرد و کردی سرایان باختران از عهد تیموری حاضر، با مقدمەء تحریر و نظارت استاد سید محمد

طاهر هاشمی، تحقیق تالیف و تصحیح محمد علی سلطانی جلد اول، مهر ١٣٦٤ ناشر: کلهر، چاپخانه: ١٢٨.



# کورتەیەک لەبارەی زمانی شیعریی

بەهۆی ئەوەی شیعر لە زمانەوە پەیدا دەبێت و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و لە دەرەوەی زمان شتێک نییە بەناوی شیعر، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە زمان یەکێکە لە کەرستە گرینگەکانی شیعر ئاستی شیعریەتی دەقیش دە گەڕێتەوە سەر چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ زمان. دەتوانین وەکو تێڕوانینێکی گشتیی زمانی شیعر بەمە پێناسە بکەین کە: (چالاکییەکی زمانیە، هەوڵی پێکهێنانی جوانی دەدات، کە ئاماژە بۆ واتایەکی دەروونی و بیری و کۆمەڵایەتی .... دەکات.) یەکێک لە کەرستە گرینگەکانی زمانیش وشەیە:(هەموو وشەیەکیش دوو جەمسەری هەیە: جەمسەری دەنگ و جەمسەری واتا، کە قسەکەر یان نووسەر بەپێی مەبەستی خۆی گرینگی بە جەمسەرێکیان دەدات) ئەمە ئەوە دەگەیێنێت، لە کاتی قسەکردنی ڕۆژانە کۆمەڵێک وشە هەیە دووبارە و دووبارە بەکاردەهێنرێت، تاکە مەبەستیش گەیاندنی واتاکەیە بەکەسی بەرامبەر و بەڕێکردنی کاری ڕۆژانە، ئەمما زمانی شیعر: هەوڵی بەهێزکردن و چڕکردنەوەی دەنگیش دەدات.لە بارەی وشەی شیعرەوە وەک ئەوەی کلاسیکییەکان پێیان وابوو هەندێک وشە شیعرین و بۆ شیعر دەشێن و هەندێکی تر شیعری نین و ناشێن، جا لەبەر ئەوەیە کە بازاڕییە. بەڵام ئەمە بۆچوونێکی کۆنە و تا ڕادەیەک ئێستا گۆڕاوە. ئەمەش بەهۆی بۆچوونی ڕۆمانسیەکانەوە بوو کە وتیان هەموو وشەیەک شیعریە، بەڵام دۆزینەوەی شیعریەتەکەی لەسەر توانای شاعیر بەندە.لەمەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە هەر کەسێک (گوڵ و پەپولە و پاییز...تاد) بەکاربێنێت مانای ئەوە نییە کە شیعریەتی دۆزیوەتەوە، بەپێچەوانەوەش هەر کەسێک وشەی (جەڕنافیز و چمەنتۆ و مەکینە..تاد) بەکار بێنێت مانای ئەوە نییە شیعریەتی لە دەست داوە بەڵکو بەکار هێنانی وشەی شیاو و شیعریەت پێدانی دەگەڕێتەوە سەر شاعیر.شیعریەت زۆربەی کات لە بەکارهێنانەوەی وشە کۆنەکان بەشێوەیەکی نوێ دەست دەکەوێت. شیعر کاتێک زەرەرمەندە کە فەرهەنگیانە بدوێت، ئەو کاتەش سوودمەندە کە جیاواز لە واتا فەرهەنگیەکەی واتایەکی نوێ لەبەردەکات. (شیعر: گوزارشتێکی ڕاستگۆیانە نییە لە جیهانێکی نائاسایی، بەڵکو گوزارشتکردنێکی نائاساییە لە جیهانێکی ئاسایی.) دوورکەوتنەوە لە گوزارشتی ڕۆژانە نزیک بوونەوەیە لە گوزارشتی ئەدەبی و شیعری. هەر گوزارشتێکی شیعریش زۆر دووبارە ببێتەوە و زۆر لاسایی کرابێتەوە ئەوا شیعریەتی خۆی لەدەست دەدات و بۆ دووبارە بەدەستهێنانەوەی دەبێت ئەو شێوە گوزارشتەی هەیبوو بیشکێنین و دووبارە گوزارشتێکی تری بۆ بدۆزینەوە.

سەرچاوە:

جان کوهن-بنية اللغة الشعرية.

عزدين إسماعيل-الأدب و فنونه.

جەبار ئەحمەد حسێن-ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی

هاودەنگ بێبەشی




# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (بارانی مەرگ)

نـووسـەر : هـودا کازم
چاپی یەکەم - ٢٠٢١
چاپخانە : مـەم و زین
ژمـــارەی لاپـەڕە:١٢٨

له ناوەکەیەوە ئەوە دەزانیت کە چیرۆکێکی تراژیدی دەخوێنیتەوە. چونکە هەموومان لەگەڵ وشەی (مەرگ) بیر لە لەدەستدان و ماڵئاوایی کەسێک دەکەین.ڕۆمانەکە باس لە ژیانی پیاوێکە کە ژیانی منداڵی خۆی بۆ کچەکەی دەگێڕێتەوە، کە لە تەمەنی سێ ساڵییەوە باوکی دەمرێ و دوای ئەوەی مامی هاوسەرگیری لەگەڵ دایکی دەکات و دوای مردنی دایکی مامی لەگەڵ خوشکەکەی دەریان دەکات و لە ماڵی پووریان دەگیرسێنەوە. گێڕانەوەی چیرۆکێکەپڕ لە ئێش، ئازار، نەهامەتی و دەردەسەری. لەبەر ئەوەی (قادر) و (فاتێ) وەک هەتیو پەروەردەکراون ئیتر لە کۆمەڵگا بەکەم تەماشا دەکرێن، چونکە منداڵی بێباوک و دایکن و بێپەروەردەن. بەشێک لە کۆمەڵگا وا وێنای هەتیو دەکەن.لایەنێکی گرنگی ئەم ڕۆمانە باس لەوە دەکات کاتێک باوک وەک سەرکردە و ڕابەری خێزانە و لە ژیانە ژیان جۆرێکی ترە و هەمووان لە ژێر چەتر و باڵی میهرەبانی ئەودا جێیان دەبێتەوە و دەژین، بەڵام بە نەمان و ونبوونی ڕوخساری ئیتر جۆرێک ژان و لێک دابڕان و ناتەبایی و دووبەرەکی و جودایی دەست پێدەکات.دوای ئەوەی (قادر) دەگاتە تەمەنی (١٣)ساڵی لەبەر ئەوەی بێکەس و ماڵ و کەس و کارە ئیتر بە پارە ناسنامەکەی گەورە دەکات کە لە سەربازی وەربگیرێ. پێچەوانەی خەڵکانێک کە ناسنامەیان بچووک دەکردەوە تا سەربازی نەکەن، بەڵام (قادر) پێنج ساڵ ناسنامەکەی گەورە دەکات، چونکە شوێنێک، پەناگەیەک، ماڵێک نەبوو خۆی تێدا بدۆزێتەوە و لێییەوە بحەسێتەوە، ئیتر ڕێگەی سەربازی دەگرێ و دەبێتە سەرباز لە کەرکووک. لەوێش دوای ئەوەی ماوەیەک سەربازی دەکات و دەبینێ وردە وردە حزبی بەعس کوردەکان سەرگەردان دەکات و دژیان دەوەستێ ئیتر (قادر) و (سامی) هاوڕێی ڕێی کوردایەتی دەگرنە بەر و دەبنە پێشمەرگە.

گرنگی ڕۆمانەکە ئەوەیە نووسەر لە تەمەنی (١٦) ساڵی نووسیوویەتی و ئەمەش بۆ خۆی سەرکەوتنێکە. نووسەر لە لایەنێکی تر هەموو ئەو ئێش و ئازار و مەینەتیانە دەخاتە ڕوو کە میللەتی کورد لەدوای نسکۆی شۆڕشی کورد تووشیان هاتووە، لە ئاوارەیی و دەربەدەری و ماڵوێرانی.لێرەوە دەوەستم و ئێوە دەتوانن

خوێنەری بن و چێژی لێ ببینن.
زمان لە ڕۆمانەکەدا:
زۆرجار زمان و ڕووداو لە ڕۆمان و چیرۆکدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە خۆش خوێندنەوە و چێژ وەرگرتندا، لەم ڕۆمانەدا زمانێکی سادە و ئاسان و بێگرێ بەکارهاتووە و نووسەر بە کەمی تەمەنییەوە توانیوویەتی بەسەر زمانەکەدا زاڵبێ و وردبین و جوانبین بووە لە چۆنییەتی خولقاندن و پیشاندانی کێشەکان، دیمەنەکانی هێندە جوان وێنا کردووە زۆر جار هەست دەکەیت خۆتی و لەناو ڕۆمانەکە کارەکتەری.
شوێن لە ڕۆمانەکەدا:
شوێنی ڕوودانی چیرۆک و بەسەرهاتی ئەم ڕۆمانە گوندێکی کوردستانە و پاشان دەبێتە شار و پاشان وردە وردە ناوچەکانی تری کوردستان دەگرێتەوە و هەموو ئەو شوێنانە دەبنەماڵێک بۆ لەدایک بوونی ئەم چیرۆک و بەسەرهاتە.

چەند ڕستە و وتەیەکی جوانی ناو ڕۆمانەکە:
١- خۆر بۆ کەسێک هەڵنایە کە خۆرەکەی دڵی ئاوا بووبێ.ل٦٣
٢-گەر مرۆڤەکان هەنگاوەکانیان بە هۆشیارییەوە بنێن ناگەن بە شوێنێک کە نەیاندەویست پێی بگەن... ل ٧٩
٣-دەڵێن خۆشبەختی بەپارە نییە ، کەچی تەنانەت پشیلەی ماڵە دەوڵەمەندەکانیش ژینێکی باشتر و خواردنی باشتریان هەیە.ل ٨٦
٤-دەڵێن مەرج نییە بوونی پارە خۆشبەختی بێنێ، بەڵام نەبوونی بەدبەختی دێنێ. ل ٨٦
٥-قەدری ئەوشتانەنازانین کە هەمانە، دواتر ناچارین بە حەسرەتی نەبوونیانەوە بناڵێنین. ل ٩٣
٦-ژیان ئەوەندە ئاسان نییە کە بە گاڵتە بەڕێی بکەین و ئەوەندەش قورس نییە کە فەیلەسوفان دەربارەی دواون. ل ١١٥
٧- مرۆڤ ئەو کاتە ئاسوودەیە ، کە ناخی ئاسوودە بێت. ل ١١٩
٨- ئەگەرچی ژیان سەخت بێت ، بەڵام هۆکارێک هەیە بۆ مانەوە. ل ١٣٦

هودا کازم ئەنوەر.
لە دایکبووی ساڵی(٢٠٠٣)ی شاری هەولێرە
ئێستا خوێندکاری قۆناغی یەکەمی زانکۆی هەولێری پزیشکی بەشی پزیشکی گشتییە.
جگە لەم ڕۆمانە، کتێبێکی تری چاپکراوە کە چیرۆکە بە ناوی (ئاواتی هەڵۆ)...

کاروان حەسەن

# ئەدەب-گێڕانەوە



# دیمەنێک لە فیلمی ژیان

لە دیمەنێکی فیلمی ژیان، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، بینینی ئەو منداڵە بوو کە بە دیار دایکیەوە دانیشتووە و گوێ لە چیرۆکی قازە ونبووەکە دەگرێت. بەدەم گوێگرتنی، فرمێسکی پڕ لە خەم لەسەر گۆناکانی هێواش هێواش دەهاتە خوار.بە دەنگە خەماوییەکەیەوە پرسی: "دایکە لەم دارستانە کەسێک نەبوو کە هەستێکی میهرەبانی هەبێت، بۆ بێنازی ئەم قازە بچکۆلانەیە بروژێ؟"ئەم منداڵە بچکۆلانە، خاوەنی ئەم دڵە فراوانە، لەم فەلەکە گەورەو گرانە! فرمێسکی بۆ بێنازی قازی ونبوو ئەڕێژێت! کەچی ئێمەش بێنازی منداڵێکی ونبوو بەدی ئەکەین، گریان لە تاو برسێتی منداڵ ئەبیستین. لە پاشماوەی جەنگا گۆشتی مرۆڤەکان بەش ئەکەین. هێشتا ئەڵێین: "بۆ حەقی مرۆڤەکان ئەجەنگین."لە دیمەنێکی تریشدا ئەوەی بەدیم کرد بینینی ئەو ئافرەتانەی کە لە مەدلیسەکان ئەکران بەدیاری، کەچی لە میمبەری نەریتیشدا بانگەشەیان بۆ شەڕەف ئەکرد.گەورە و ریش سپییەکان بڕیاردەر و گەنج و لاوەکانیش قوربانیدەر.ئەوەی کچی هەبێت ئەرکی شەڕەفی قورسە، ئەوەشی کوڕی هەبێت ئاوەدان بێت ماڵی کوێخایە.بەناوی کۆبونەوە و بانگهێشتی خێزانی خواردنی نەشکێنراو فڕێ دەدرێ، کەچی لە سوچێکی کۆڵانەکان منداڵێک لەبرسان ئەمرێت.شک نابەم ڕۆژیک تابلۆیەک یان نیگارێک نەشێوێنرێت.لەولاوە دەبینم؛ ڕەسەنی هونەر لای ئەو هونەرمەندە کپکراوەیە کە لە هەر چرکەیەکدا ئاهی حەسرەت بۆ گەشەپێدانی هەڵئەکێشێت. لەو لاوەش مایکی بانگەشە لە بەردەم کەسێکی قەڵەم بۆ کڕدراوی مەرەکەب پڕکراوە. بیستم لێی؛ کەباسی داهێنانی نوێ بۆ هونەر ئەکات.لەسەر کورسی دادگادا پیاوێک دانیشتووە کراسی دادپەروەری پۆشیوە، بە چەکوشی ماف و یاسا ستەملێکراوێک ماف دەدات تەنیا بەژماردنی شیشەکانی پەنجەرەی زیندان.بینیم؛ کەسێک بەدوای باوەڕ دەگەڕا لەپەرستگایەک، تەنیا چەند خودا پەرستێکی دۆزیەوە، کەخێر و بەخشینەکانیان تەنیا بۆ چەند کاهینێکی مووچە بڕاوی دەسەڵات دەبرد.ئەو شتانەی کە فێریان کردین کە چ شتانێکی ڕاستن، تەنیا ڕاستیەکی قورمیشکراوی پێچەوانەی سوڕی فەلەکن. کاتێک دوور دەکەویتەوە و ئاوردەدەیتەوە ئەوکات دەبینی کە ژمارەکانی کاتژمێری فەلەک چۆن شێوێنراون.

لەمیا فاریق



# کۆتا زەنگی تەلەفۆن

بەردەوام و بەردەوام دەنگی دیٚ: زەنگی تەلەفۆنەکەم، بێزاری کردووم... وەلیٚ ئەو زەنگە نییە کە من ساڵانێکە چاوەڕێیم... دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکەم بۆ ئازیزی جاران‌م، دەنگێکی جیایە! دەنگێک کە بۆ ئەوە خستمە سەری، زەنگی ئەو لەگەڵ زەنگی مرۆڤانی تر جیابکەمەوە! نەمدەویست دەنگی زەنگی پەیوەندی ئەو و پەیوەندی ئەوانی تر وەکو یەک بن... ئەو کاتانەی دەنگی زەنگی تەلەفۆنی ئازیز و مرۆڤانی تر وەک یەک بوون؛ هەر کاتێک پەیوەندییٚ هاتبا... هەرکاتیٚ دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکەم بەرزبووبایەوە... ڕادەچڵەکیم و بە پەرۆشەوە بەرەو تەلەفۆنەکەم دەچووم و بە پەشۆکاویەوە تەلەفۆنەکەم هەڵدەگرت، کە تەلەفۆنەکەم هەڵدەگرت و سەیری ژمارەکەشم دەکرد ژمارەی ئازیز نەدەبوو؛ هەزار و یەک جوێنم بەو کەسە دەدا کە پەیوەندی پێوە کردووم... جارێک وام بەسەرهات! بوو بە دوو! بوو بە دە! بوو بیست! ئیدی چاوەکانم ماندوو بوو، ئەوەندەی بگریم! دڵم لاواز بوو، ئەوەندەی خەفەت بخۆم! گوناهم زۆر بوو ئەوەندەی جوێن بدەم!بەهەزار تکا و پاڕانەوە؛ برادەرێکم ڕازی کرد، فێرم بکا چۆن چۆنی زەنگی پەیوەندی ژمارەیەک تایبەت بکەم! زەنگی پەیوەندی ژمارەیەک، جیاواز بێت لە زەنگی پەیوەندی ژمارەکانی دی... بۆ ئەوەی کە پەیوەندیم بۆ هات و ئەو زەنگە نەبوو کە من مەبەستمە؛ ڕانەچڵەکم! بە پەرۆشەوە بەرەو تەلەفۆنەکەم نەچم! بە پەشۆکاویەوە تەلەفۆنەکەم هەڵنەگرم! سەیری ژمارەکەی بکەم و ببینم ئازیز نییە و هەزار جوێن بەو کەسە نەدەم کە پەیوەندی پێوە کردووم...ئێستاش بوومەتە ڕۆژمێرا! سیٚ ساڵ و حەوت مانگ و چواردە ڕۆژە؛ ئازیز پەیوەندی پێوەنەکردووم! سبەی دەبێتە سیٚ ساڵ و حەوت مانگ و پانزە ڕۆژ، زەنگی ئازیز لە تەلەفۆنەکەم بەرز نەبۆتەوە! کەچی سەیرە، هەموو شەو لە دوای دەمژمێر یانزەوە؛ دڵم پێم دەڵێت چاوەڕیٚ بکە، هاکا پەیوەندی ئازیز هات! چاوەڕیٚ بکە لە دوای دەمژمێر یانزەوە باوک و براکانی دەخەون و ئەویش بە ئەسپایی دەچێتە حەوشەی ماڵەکەیان و ژمارەکەی تۆ لێدەدا و دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکەت بەرز دەبێتەوە و ئەمجارەیان زەنگی ئازیز دەبێت...کاتژمێر دە و پەنجاوپێنج خولەکی شەوە! ئەمشەویش وەک شەوانی دی، دڵم دەڵیٚ چاوەڕیٚ بکە، هاکا پەیوەندی ئازیز هات! چاوەڕیٚ بکە لە دوای دەمژمێر یانزەوە باوک و براکانی دەخەون و ئەویش بە ئەسپایی دەچێتە حەوشەی ماڵەکەیان و ژمارەکەی تۆ لێدەدا و دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکەت بەرز دەبێتەوە و ئەمجارەیان زەنگی ئازیز دەبێت...هەر دوای ئەو بیرکردنەوانە، دوای ئەوەی چرکەی کاتژمێرەکەم دەچێتە سەر ژمارە دوانزە و کات دەبێتە یانزەی ڕێک... زەنگێک لە تەلەفۆنەکەمەوە بەرز دەبێتەوە، زەنگێک

جیاواز لەو زەنگانەی لە ماوەی سێ ساڵ و حەوت مانگ و سێزدە ڕۆژی ڕابردوو لە تەلەفۆنەکەمەوە بەرز بوونەتەوە... زەنگی ئازیزە! بۆ ساتێ هەست و ترپەی دڵ و هەموو بوونم ڕادەگرم! جوان گوێی لە زەنگەکە دەگرم! زەنگی ئازیزە، هەڵەم نەکردووە... ڕادەچڵەکم، بەپەرۆشەوە بەرەو تەلەفۆنەکەم دەچم، بە پەشۆکاویەوە دەست دەکەمە تەلەفۆنەکەم! سەیری ژمارەکەی دەکەم... ژمارەی ئازیزە! پەیوەندەکە هەڵدەگرم: چەند چرکەیەک دەڕوا و دەنگێ نایێ! وەلێ دەنگی هەناسەی لە تەلەفۆنەکەوە بەرز دەبێتەوە... دەیناسمەوە! ئازیز خۆیەتی! لەناکاوێ بە چرپەوە، بەشێوەیەک وەک ئەوەی بترسێت دبێژێ: «ئەلوو...» بە قورگی پڕ گریانەوە دەڵێم: «ئەلوو، ئازیزی جاران، ژمارەکەت بەهەڵە لێداوە؟» ئەویش بە دەنێگێکی کز تێکەڵ بە گریانەوە دەڵێ: «نا، بە هەڵە نەبووە... پێویستم پێتە، مێردەکەم گەلێک لەگەڵم خراپە!» پێی دەڵێم: «پێم نەگووتی مەڕۆ، نەمووت کەس وەک من نابێت بۆت؟» بە گریانەوە دەڵێ: «وتت، دانی پێدادەنێم وتت، بەس ئێستاکە پێویستم بە تۆیە! وەرە ڕزگارم بکە لەو دۆزەخە، ئەگەرنا...» پێی دەڵێم: «ئەگەرنا چی؟» دەڵێ: «ئەگەرنا، دواین زەنگی تەلەفۆنی من دەبێت!» پێی دەڵێم: «خۆت دۆزەخت بۆ خۆت هەڵبژارد، پێم وتبووی نەک وەک من، کەس نیوەی ئەوەشی پێ ناکرێت کە من بۆم کردیت!» پەیوەندیەکەی دادەخەم و لەبەر خۆمەوە دەڵێم: «سبەی یەک ڕۆژ تێدەپەڕێت بەسەر دواین زەنگی تەلەفۆن!»

هیوا پشتیوان



# خەڵوەتگەی سەگانی برسی

تەڵەبی ڕەحم و مروەت لە دڵی ئەهلی زەمان،
تەڵەبی ئاوی حەیاتە لە سەرابستانا! مەحوی

سبەینان، پێش من و پێش ئەو و پێش سەرجەم دووکاندارەکانی تر، سەگ گەلێک لە پێش دوکانەکەی مام کەریم، پێ لەسەر پێ دایان کوتا بوو. جاربەجار، بە دەم پێکەنین و شۆخیەوە، دەیانووت: "پێش دوکانەی مام کەریم، هەر وەکو خەڵوەتگای سەگانی برسی لێهاتووە. هەر سەگێک دێت، لەوێ خێوەتی خۆی هەڵدەدات.
جا لە ڕاستیدا، هەر سەگێکی ڕێبوار، ڕێی بکەوتایە بەم ڕێوبانە، پێش فرۆشگاکەی مام کەریم دەکردە لانکەی هەمیشەیی خۆی؛ بەخۆی و خاوخێزانیەوە و بنەماڵەکەیەوە، دەهات لەم خەڵوەتخانە جێوار دەبوون... ئاخر ئەو بەخێرهاتن و خوڵک و خۆشنوودی لەوێ لێیان دەکرا، لە هیچ جێگە و کەسێکی تر، بەدیان نەدەکرد.مام کەریم، باڵایەکەی مام ناوەند هەبوو. پشتی کەوانە ئاسا چەماوە و چەپکێک مووی چەرمی لە ڕیشی بار بوو؛ خۆر لە موو شاشەکانی درزەی دەرکرد و قوژبنەکانی ڕیشی ڕۆشن دەکردەوە. هەروەها پڕ بە گۆزەی ژیانی، تەمەنی کردبوو. ئەوە دەمەی، لە پێش فرۆشگاکەی دادەنشێت و پێی ڕاستی دەخستە سەر پێی چەپ و بە دەسبیحەکەی دەستی زیکر دەکرد، هەر ئەتووت تابلۆیەکە و بە دەستی نیگارکێشێکی دانسقە و بەهرەدار کێشراوە.مام کەریم گۆشتفرۆش؛ فرۆشگاکەی لە هەمبەر فرۆشگاکەی منەوە وو.

جادۆچکەکەیشپرزە و بێ وچان، تەنکە سنوورێکی نێوان فرۆشگەکەی من و وی بوو. هەر ڕۆحدارێک، هاتبێتە بەردەرگەی مام کەریم، دەستی نەناوە بەڕوویەوە؛ چ مرۆڤ، چ گیانداری تر. میهربانی ئەوە، گەیشتبوو بە ترۆپکە. هەموو دوو هەفتە جارێک، دوو کیسە گەنم دەکڕی و دەپیپرژاندە ئەو شوێنانەی دەستی گلاوی مرۆڤی پێ نەئەگەیی: بۆ ئەوەی پاساری و سەرجەم باڵدارەکانی تر لێی بخۆن و شووشەی برسێتیان بشکێت.گەر کەش باراناوی بوایە، هەوا سارد یان گەرم، ئاسمان ساماڵ یان هەورەچڕ، چ باران ببارێت یاخود تەور... مام کەریم، بە بێ گوێدانە کەش و هەوا، یاخود توانج و تەشنەی دەوربەر، بە ئەرکی خۆی ڕائەپەڕی و ئەو گەلەسەگانە تێر نان و ئاو ئەکرد. پێش ئەوە دەست بکات بە کارکردن، نان و ئاوی سەگەکانی دەدا. هەموو کارەکان، لای ئەو لاوەکی بوون؛ سەرەکیترین ئەرکی مام کەریم خواردندان بوو بەو سەگانە.ئەو سەگە بێلانانە، یەکێک بوون لە نزیکترین دۆستەکانی مام کەریم و هەر ئەو خواردنی پێدەدان و تێر و تەسەلی دەکردن.دەمێکە بوو، چەند پرسیارێک لە مێشکی هەمووان کەڵەکەی کردبوو. وەکو: "بۆچی مام کەریم، ئەوەندە گرنگی بەم سەگە بێنازانە دەدات؟ تۆ بڵێی ئەم ڕازە چی بێت؟ ئایا کۆمەڵە سەگێکی بێناسنامە و بێشوناس،

شایەنی ئەو میوانداریەن؟“تەنانەت هەندێک ناسیاو هەبوو، دەیانووت: ”بەخوا قەسەم، مام کەریم ئەوە حەوت-هەشت سەگەکەی، لە هەر پێنج کوڕەکەی لا بە بەهاترە.“ جا ڕاستیان ئەکرد، چون مام کەریم ئەوەندە مشووری ئەو سەگانەی دەخوارد و خزمەتی دەکردن، ئەتووت کوڕی خۆی بەخێو دەکات.چون تازە لاوێکی لاسار بووم و دەمویست لە گشت شتەکان و ڕووداوەکان تێبگەم، کەرەتێکیان باسم کردەوە و پرسیم: ئەرێ مام کەریم، چما ئەو گەلەسەگانە لات خۆشەویستن؟ لەم شارە پڕ لە مرۆڤە، بۆچی خۆت بەستۆتەوە، بەم کۆمەڵە سەگانەوە؟ مرۆڤ برانە؟!مام کەریم، بە ئاسمانا ڕووانی و وتی: ”وازیان لێبێنە ڕۆڵە. ئەمانە شایەنی گۆشتی کەڵەئاسک و کەروێشکن. من پێنج کوڕم گەورە کرد، ئێستا بە تاقی تەنێ، لەگەڵ دایکی مناڵەکان دەژیم. ئەویش دووچاری سەد نەخۆشی هاتووە. سەرەڕای ئەم گشت بەڵایە، دوو هەفتە جارێک، جارێک سەردانێکمان ناکەن. مناڵەکانی“ڕەحیم“ی ڕەحمەتی برا، لەوساتەوە باوکیان مەرگ چنگی ناوە قورقوراگەی، هەر خۆم گەورەم کردن و وەک بێچووە کۆتر پارووم دەکردە قوورگیانەوە. کەچی پشتگوێ خستنی من لەلایەن ئەمانەوە، سزایەک بوو، لە پای ئەو هەموو خزمەتە.ئەم سەگەگەلە دەمی ئێوارە، تا بەردەرگا ڕەوانم دەکەن. ڕاستە، دەست و پلم لاواز و کەم هێزبوونە. وەلێ کۆمەکەی و خەمخۆری ئەم سەگانە، هەندێک کەموکورتی کەم کردۆتەوە و لە چنگی دەستەمۆی دەریهێناوم.جارێکیان،دژواری ڕۆژ وڕوسڕی کردبووم. لە ڕێگەمدا بۆ ماڵۆچکەکەم، لە سووچێکی تەنگەبەری ئەم شارە بەرینە، لە هۆش خۆم چووم و لە دەست و پێ کەوتووم. کە یەکەم کەرەت چاوم کردووە، دیتم پەڵەیەک ڕەشی و دانەیەکەی خۆڵەمیشی، لەسەر سەرم وەستاون. پاشان چاوەکانم بێ ویستی خۆم، نوقان. بۆ جاری دووەم، کە چاوەکانم کردووە، دیتم دوو پەڵەی سپی لەسەر سەرم وەستاون و بە دەنگی یەکجار نزم دەدوێن.یەکێکیان، بەوی تر ئێژیت: باشە کێ هێنای بۆ خەستەخانە؟ خۆ ئەو کولانانەی کۆتایی شار، ئەوەنە تار و بێ سرەوەتن، پاساری و چوڵەکە کۆچەریەکانیش بوێری ئەوەیان نیە، بۆ تاقەت ڕواندن پێیدا گوزەر بکەن.هاوپیشەیەکەی، لەوەڵامدا وتی: ”ئەوە خۆی نەهاتوە. بەڵکو ئەو سەگانەی وەها جڤات-جڤات بە دووی کەوتبوون، ئەمەندە حەپەـحەپەیان کرد، نیوەی خەڵکی شاریان بێدارکردەوە. هەنووکەش وەک خزمێکی نزیکی ئەم پیرەمێردە، لە پێش دەرگای نەخۆشخانەکە دەست لەسەر چنگە وەستاون و تامەزۆری سۆراغێکن.“ئەوی تریان، بە دەنگی زۆر نزمەوە، پرسی: ”ئەم پیرەپیاوە، کەسوکاری لە کوێن؟!“هاوپیشەکەی وتی: ”نازانم، لەوە ئەچێت ئەمانە دەستەسەگانە، نزیکترین کەسی بن!“ئیدی بەو چەشنە، لە لێوارەکانی مەرگ پاشەکشەم کرد و ژیان دەستە میهرەبانەکانی بۆ درێژکردمەوە. وەلێ ئەفسووس نانی گورگمدا.دەستێکی هێنا بە پشتمدا، وەک بڵێی ئاموژگاریم دەکات و وتی: ”ورياوە کوڕی چاک، تۆش نانی گورگ نەدەی...“

بە سەرسوڕمانەوە، پرسیم: ”ئەی تۆ لات گران نەبوو، ئەودەمەی دکتۆرەکە وتی، ئەم سەگانە نزیکترین کەسی ئەون!؟“ بەو پەڕی هێمنیەوە، هاتە دوواندن و وەڵامی دایەوە و وتی: ”نە کوڕی خۆم، بۆ هەڵبچم؟ خۆی نە درۆی کردووە و نە بوختانی بۆم هەڵبەستووە. ئەو سەگانە، پتر لە گشت کوڕ و خزمانم بەکارم هاتن! گەر ئەوان دەگەڵم نەبوونایە، خودا خۆی هۆشیار، چ بەڵایەکەم بەسەردا دەهات! دیارە خودا، بە بەزەیی هاتووە بە بێکەسیم؛ بۆیە ئەوە سەگانەی کردوە بە کەس و هاودەمم.“وا دیار بوو، بێکەسی فرە تەنگی پێی هەڵچنی بوو. پاشان، بەوە پەڕی غەمگینیەوە، وتی: ”من خاترجەمم، ئەم سەگانەش پاش مردنم، هەر دەبنە پاسەوانی گۆڕی تژی لە مار و مێرووم. ئەوان تاکە کەسانێکن، پاش مردنیش لەبیرم ناکەن و جێم ناهێڵن. وان یادگەی وەفا و ئەمەکیان گەلەک پتەوە. لە پاش مەرگیش، هەر ئەوانن، پرسەکەم گەرموگوڕ دەکەن. هەر ئەوانن، ئارامگەم دەکەن بە مەزارگە و گشت ڕۆژێک دێنە سەر کێلی بێ گوڵ و گۆزە و بێ نازم...“پرسیم: ”ئەم قسانە پڕ بەدڵ دەکەی؟“مام کەریم، وتی: ”چاوپۆشیم نەکردووە، لە ڕاستیەکان. زیادەڕەویم نەکردووە، لە پەردە لادانی ڕازە چەق خواردووەکانی دڵم. ئەوەی وتوومە کەم و هێشتا لە بنکری دەروون، چەند پارچە گازندەیەک خۆی مەڵاس داوە.“ئەم جارەیان، زۆر فزولیانە پرسیم: ”خۆ شوکر، تۆ داهاتێکی خۆت هەیە و پێویستیت بە دەستی چەپەڵی کەم کۆمەکی ئەوان نیە، ئیتر، بۆ ئەوەندە سەرت بۆ دیدەنی ئەوان دەخورێت؟“ وتی: ڕاست ئەکەی، کوڕی خۆم. من نە پێویستم بە پووڵ و پارەی ئەوانە، نە کۆش و خەندەیان. وەلێ حەزم لێیە، جارـجار گەر بە پەیڤی زبر و چقڵ ئاسا بێت، بپرسن سۆراغێکم. هەواڵی پرسینی دۆست، هەوری سیایی نامۆی، دادەماڵێت. گەر بۆ کەرەتێک، بپرسن لە گاڵۆکی چەماوە و حاڵی چاوە کزەکان و دەستی لەرزۆکم، بە یەک کەرەت، گاڵۆکی چەماو و چاوی کز و دەستی لەرزانە ئاسام، ڕاست و ڕوون و بەهێز دەبنەوە.

ئاسمان، چاوەکانی کز دەبوو. زۆری نەما بوو، رووناهی لە دەست بدات. خۆر کشایەوە، بەرەو پەناگەکەی خۆی. مام کەریم ماڵئاوایی لە من و سەگە هاورێیەکانی کرد. دوو سێ سەگەیش، وەک زێرەڤان بەدووی کەوتن، بەرەو ماڵەوە. وەک رۆژانی تر، خۆر لە بۆشایەکانی زەمینی رووناهـ دەرکردەوە.جادە و بازار پڕ بوون لە بەنی ئادەم.هەموو شتەکان، لەسەر ڕیتمی خۆیان دەڕۆیشتن، بێ کەم و زیادە، بێ ئەملاو ئەولا، بێ هیچ گۆڕانکاریەکی نوێ.وەلێ تاقە شتێک کە ڕاڕا و بێ ئۆقرەی کردووم، ئەوەیە:کە ئەم سپێدەیە، مام کەریم پەنهانە و سەگەکان چاوەنواری وی دەکەن، وەک خاکی تینوو، کە چۆن تامەزۆریی دڵۆپە بارانێکە، ئەوانیش ئاوا گشت کووچەکانی باژێر هامۆشویانە، بە دووی شوێن پێی مام کەریم دەگەڕان و بست بە بستی ئەو دار و دیوار و شۆستەکانیان دەلێسیەوە. ئارامیان، لێ هەڵگیرابوو. بۆ چەند خولەکێشیش، لە جێگەی خۆیان ئۆقەرەیان نەدەگرت؛ ئەتووت ژێر پێیان سووتاوە و سووکنایان بە دانیشتن نایەت.
مناڵێک لە دوور ڕا، بە هەناسەبڕکێ، خۆی گەیاندە لام و نامەی مەرگی مام کەریمی بۆ هانیم.گوتی: "کاکە... کاکە! ئەو پیرەمێردەی کە فرۆشگاکەی لە بەرامبەر فرۆشگاکەتە..."وتم: "ئێ..چی قەوماوە؟!" بە دەنگێکی یەکجار کپەوە، کە یەک پلە لە چرپە بەرزتر بوو، وتی: "مرد!"منیش، وەک دۆستێکی دێرینی مام کەریم، بەرەو لای خانووە نیمچە دارماوەکەی بەرێ کەوتم... کە گەیشتمە بەرماڵی ڕەحمەتی، کۆڕی گەلەسەگ بەجیا و کۆڕی کوڕەزا و کوڕەکانی خۆی بەجیا، کۆڕی باوک ڕۆ و مامە ڕۆیان دابەستبوو.مرۆڤی وایە، لە سووچێکی ئەم شارە، تەنیایی دەروونی کون کون کردووە. نە دۆستێک، نە نامۆیەک، سڵاوێکی دڵنەوایانەی دەکا، نە هیچ کەس... کەمردیش، ئەوسات دێتەوە یادیان، مرۆڤێکی تەنها و بێهاودەم بوونی هەبووە.سەگەکان بە حەپە-حەپە، سەرانسەری سەگەکانی مەملەکەتیان بانگێشت کرد، بۆ پرسە و ماتەمینی، بۆ حەیوەی شێڕ و بازنەی وەوەیلا و باوکەرۆی، بۆ مردنی بابی سەگانی شار...حەپە حەپەی سەگەکان، نیشانەی دڵتەنگی و مانای شیوەن و باوکەرۆی وان بوو. تا سەگەکان پتر دەحەپین، کوڕ و کوڕەزاکانی زیاتر بۆڕی گریانیان لێ بەرزدەبێەوە؛ دەتووت پیشبڕکێی دڵدانەوە و شیوەنبازی دەکەن.شیوەنی هەردوولا بۆ مام کەریم بوو. شیوەنی سەگەگەل، شیوەن و گرینێک بوو، لە چاوگی دڵەوە هاڵدەقوڵا و لە نزمایەکانی لێو و زوبان و قوورگ... دادەمسکایەوە. بەڵام شیوەنی کوڕەزا و کوڕ و... ئاهـ و ناڵەیەکی پڕ درۆ و شانۆمەندانە بوو.چوار رووحدار، دوو مرۆڤ و دوو لاوەسەگە، دارتەرمەکەیان بەرەو ماڵە تارەکانی گۆڕ، بەرێ کرد. لە نێو ئەو پرسەدا، تا مرۆڤێک دەبینرا، سێ بۆ چوار سەگ دەکەوتنە بەر دیدە. ئەمەیە هاوخەمی و مردوو بەرێکردن، ئەمەیە ئەمەک و نمەکی ئاژەڵان، لە پاداشتی لەتە پارووەیەک. پاش کاتژمێرێک لە سینە کوتانی پڕ نمایشی کچ و کچەزا و گریانی بە کوڵی کوڕ و کوڕەزا... هەمووان بڵاوەیان لێ کرد و پەرتەوازە بوون.لە نێو خۆیاندا، پەیمانیان دابەست، کە خانووە نیمچە خانووەکەی بفرۆشن و دینار بە دینار بە برا و بەشی بکەن.دەستە سەگەکان، سێ سەگەیان لە دەوری گۆڕەکەی دانا، بۆ دڵنیابوونەوە لە سەلامەتی گۆڕەکەی مام کەریمی سەگدۆست. من ئەم دوو سێ ڕۆژە، دێمە سەردانی و نزا بۆ دوا ڕۆژی دەکەم.هەچ کاتێک هاتبم، دەق ئەوان لەوێ بوونە.هەر کەسێکی بێشوناس یان نامۆ و نەناسراو بهاتبا، بۆ سەردانی ئەو دەڤەر، مۆڕەیان لێ دەکردن و قاویان دەدان. وەلێ چون من یەکێک بووم، لە ناسیاوەکان لاقەیان نەدەکردم.قەسەکەی هاتەدی، کە دەیگووت: "من خاترجەمم، ئەم سەگانەش پاش مردنم، هەر دەبنە پاسەوانی گۆڕی تەژی لە مار و مێرووم."

عومەر عادل

سەکۆی هزر
گۆڤاری ئەلیکترۆنی

